
محمدی مەلا کەریم

# مەولەوی

## ژیان و بەرهەمی



کتێب
محەمەد عەلی
مێژوو:

**محمدی مەلا کەریم**

# مەولەوی

## ژیان و بەرهەمی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

ژمارەی تەلەفۆن: ۲۲۳۲۰۲۱

سندووقی پۆستە ژمارە: ۱

# مەولەوی

## ژیان و بەرهەمی

محمدی مەلا کەریم

ناوی کتێب: مەولەوی - ژیان و بەرهەمی
نووسینی: محمدی مەلا کەریم
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٠٦)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# سەرەتا

ئەم نامیلکەیەم لە سەرەتادا، لەسەر داوای مامۆستایان جویس بلاو، ڤان براونێسن و عەبدوڵلا مەردۆخ نووسراوە کە لە ١٩٩٧/٤/٨دا نامەیەکیان لە پاریسەوە بۆ ناردبووم تیایانا باس کردبوو کەوا بڕیاریان داوە ژمارەیەکی گۆڤاری (ساڵنامەی ئیسلامی تر DES ANNALES DE L . AUTRE ISLAM) ، تایبەت بەدین و ئایینی کوردان، ئامادە بکەن. گۆڤاری ناوبراو گۆڤارێکی زانستییە بە دوو زمانی فەرەنسەیی و ئینگلیزی دەرئەچێ و لەلایەن یەکێ لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنستیتووتی میللی زمان و شارستانیەتەکانی ڕۆژهەلاتەوە لە پاریس بلاو ئەبێتەوە. ئەو مامۆستایانە هەروا نووسیبوویشیان بەمەبەستی ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە قسەیان لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆڕ کردووە و ئەوانیش گفتی بەشداربیان داوە و هەریەکەیان بابەتی خۆی دەستنیشان کردووە و، ناوی ئەو پسپۆڕانە و ناونیشانی بابەتەکانیشیان بۆ نووسیبووم. پێخۆشحاڵیی خۆشیانیان دەربڕیبوو کە منیش بەوتارێک لەبارەی شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی)یەوە لە دەرکردنی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری ناوبراوا بەشداربم. بەندەیش، لەسەر خواستی ئەو برادەرانە و بەپێخۆشحاڵییەکی فرەوە، گفتی ئەو کارەم دانێ و ئەم وتارەم ئامادەکرد و بۆم ناردن.

پاش بلاوبوونەوەی وتارکە لە ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٨ی گۆڤارەکەیانا بەئینگلیزی، کە برایان کاک عومەر دزەیی و کاک میشێل. ل. شوێت لە کوردییەوە وەریان گێڕابوو، پێم خۆش بوو بەئەسڵە کوردییەکەی خۆیشی بلاو بکرێتەوە و، بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە تەقەلادان. خۆشبەختانە ئەوەتا ئێستا لە شێوەی نامیلکەیەکی پاشبەندی گۆڤاری (کاروان)ی ئازیزا، کە هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە هاوکارێکی بەردەوامی بووم، ئەکەوێتە بەردەستی خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد.

هیـوام وایە بێ سـوود نەبێ بۆیان و کـەڵکێکی لێ ببـینن و هەر هەڵەو ناتەواوییەکیان تیا دی ئاگادارم کەنەوە و، سوپاسی بێ پایانیش بۆ هەموو ئەو دۆسـتـانەی لە هێنانە دیی ئەم ئارەزووەمـا یارمـەتیی خـۆیانـیـان لێ نەگرتوومەتەوە.

**محمدی مەلا کەریم**

# ژیانی مەلەوی

سەیید عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزیی[١]، لەناو خەڵکا بەناووبانگ بە(مەلەوی) و، لە جیهانی شیعرا نازناو (مەعدوم) و (مەعدوومی)، لە بنەماڵەیەکی تا چەند پشت مەلا و مەلازادەی گەورەی ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستانی بەشی ئێرانە و، ئەچێتەوە سەر (پیر خدری شاهۆ)[٢] کە یەکێکە لە پیاوە ئاییینییە هەرە پیرۆزەکانی ناوچەی (هەورامان)[٣].

لە ساڵی ١٨٠٦ یا ١٨٠٧[٤]دا لە دێی (سەر شاتەی خواروو) لە بەشی کوردستانی عێراقی ناوچەی تاوەگۆزی هاتووەتە دنیاوە و، بەعادەتی ئەو سەردەمەی کوردستان کە خوێندنی تەنها لە حوجرە[٥]ی فەقێ[٦]ی پاڵ مزگەوتی شار و گوندە گەورەکان و ئاغا دێ[٧] کانا تیا هەبووە، لای باوکی لە حوجرە دەستی کردووە بەخوێندن و پاشان بەخوێندنگا بەناووبانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان[٨] و بابان[٩]دا گەڕاوە بۆ خوێندن و، بە دوو قۆناغ[١٠] خوێندنی مەلایەتیی تەواو کردووە و مەلایەکی سەرامەدی خاوەن بەرهەمی بە شیعر و بە پەراوێز لەسەر شیعرەکانی بە کوردی و بە عەرەبی و بە فارسی لە عیلمی کەلام[١١]دا لێ دەرچووە. سەرەڕای ئەوەی کە شاعیرێکی ناسک و بەرزی لە ناوچەی ئەردەڵان و بابانا بێ هاوتای وایش بووە چ پێش خۆی و چ پاش خۆی تا ئەمڕۆ، لە بابەتی خۆیا، شاعیری وا بەدەسەڵات لە زمانی کوردیدا هەڵنەکەوتووە و، لە هەر شاعیرێکی تری کورد بەناووبانگترە.

بۆ خوێندن، گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە و، ئیجازەی مەلایەتیی[١٢] لای مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆتشەیی[١٣] لە سلێمانی وەرگرتووە و، لە هەندێ لە دێهاتی ناوچەی هەڵەبجە و پاشان لە سەرشاتەکەی زێد و ماوای خۆی بەمەلایەتی و پێگەیاندنی فەقێ و

نووسینی بەرهەمەکانیەوە خەریک بووە.

هەر لە سەرەتای مەلایەتییەوە ڕێگای سۆفییەتیی گرتووەتەبەر و، تەریقەتی نەقشبەندیی[١٤] لەسەر دەستی شێخ عوسمان سیراجەددینی تەوێڵە[١٥]ی خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا[١٦] وەرگرتووە و، پاشانیش خۆی داوەتە دەستی شێخ بەهائەددینی کوڕی[١٧] و، لەگەڵ ئەوەیشا پێوەندی دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ گەورەترین دوو شێخی تەریقەتی قادری[١٨] کاکەحمەدی[١٩] کوڕی شێخ مارفی نودێی[٢٠] نەیاری گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و، شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی[٢١] بووە.

لەناو پیاوانی دنیایشا، لەدوا قۆناغەکانی خوێندنیا لە سلێمانی، پێوەندی لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان و، پاشان لەگەڵ قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف و حەمە پاشای برای و مەحموود پاشای کوڕی حەمە پاشا و ڕەزاقولی خان و غولام شا خانی کوڕی خوسرەو خانی ئەردەڵان و، لەناو شاعیران و ئەدیبانی سەردەمی خۆیشیا پێوەندی لەگەڵ زۆریان بووە و نامەی بە شیعر بۆ نووسیون[٢٢].

پێوەندی مەولەوی بەشێخانی تەوێڵەوە هۆیەکی کاری بووە لە بڵاو بوونەوەی ناووبانگیدا وەک مەلایەکی گەورە و، لەم ڕێگایەوە مەلای گەورە گەورەی زۆری کوردستانی ناسیوەو بەرهەمە زانستییەکانی و شیعری بەناو مەلا و فەقێ و تێکڕای خوێندەوارانی کوردستانا بڵاوبوونەتەوە. هەر ئەم پێوەندییەیشی بووە ڕێگای سەفەرێکی پڕ ئەرکی هێورکردنەوەی باری ئاڵۆزی نێوان خەڵکی سوننی مەزەبی سنە و میرە ئەردەڵانییە بەشیعەبووەکانیانی بۆ ڕەخساندووە. هەر لەم ڕێگایەشەوە ئەوەی بۆ لواوە بڕوا لە سنە لە سیمینارێکی گەورەی دیالۆگی نێوان مەلایانی سوننی مەزەبی کوردستان و گەلێ ئاخوونی گەورەی شیعەی ئێرانیدا لە بارەی بابەتە ئاڵۆزەکانی ناکۆکیی مەزهەبی نێوان سوننی و شیعەوە بەشداری بکا. مەولەوی لەم سیمینارەدا، وەک لەناو کۆڕ و

کۆمەڵانی مەلایانی کوردستانا باوە، توانیویە بەبیری ورد و تیژی مووقڵیش و زانستی بەربڵاوی، ئاخوونە شیعەکان ببەزێنێ و دەمکوتیان بکا و، کارێ بکا میرزادەکانی سنە، بەدڵ و دایەن، پێشنیای بۆ بکەن بێتە لای ئەوان دانیشێ و دێهات و زەویوزاری زۆر بۆ ژیانی تەرخان بکەن. بەڵام ئەو هەمیشە ئەم جۆرە پێشنیایانەی داوەتە دواوە و پڕ بەدەم ڕایگەیاندووە کەوا ژیانی لەناو خزم و کەسوکار و عەشرەتە ڕووتەکەی و لە گوندە ڕەقەن و کرێن و بێ بەروبوومەکەی سەرشاتە و لەگەڵ فەقێ بەدوای زانستدا گەڕاوە، بەنانی بەڕوو قنیات کردووەکانیا لە هەزار کلوور گەنجی بەخششی شازادەکانی قاجار و میرزادەکانی سنە پێ خۆشتر و بەتام و لەزەتترە.

مەولەوی لە ساڵی ١٨٨٢ یا ١٨٨٣ و لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو بەسەر ملەیەکی بەرزەوە لە نزیک دێی سەرشاتە، ئەو گوندەی تیا هاتووەتە دنیاوە، نراوەتە کۆشی گەرمی دایکی نیشتمانەوە. ئێستا ئارامگاکەی زیارەتگای ئەو کەسانەیە بەوێدا گوزەر ئەکەن و، دانیشتووان بەچاوی بەپیرۆز زانینەوە تێی ئەڕوانن و، ڕاو لە دەوربەری گۆڕستانەکەیا بەحەرام ئەزانن و کەس لەو ناوەدا توخنی پەلەوەر و گیانداران ناکەوێ.

# بەرهەمی مەولەوی

بەرهەمی مەولەوی کە بۆ ئێمە ماونەتەوە، ئەمانەن:

١- (عەقیدەی مەرزییە - العقیدة المرضیة). ئەم کتێبە بەزمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی خواروو، شێوەی تایبەتیی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەی تاوەگۆزییە. بابەتەکەی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و زانستی کەلام (علم الکلام)ە لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕی زانایان و ڕاوبۆچوونی بەشێ لە تاقمە فەلسەفییەکانی ئیسلام و ڕەدوبەدەڵ لەگەڵیان و بەرپەرچدانەوەیان وەک موعتەزیلە[٢٣] و جەبرییە[٢٤]، سەرەڕای بیروباوەڕی سۆفییانە. ئەم کتێبە شیعرە و ٢٤٤١ بەیتە و، خۆی و چەند کەسێ لە زانایانی سەردەمی ناوچەکەی پەراوێزیان بۆ نووسیوە و لە ١٨٦٣ یا ١٨٦٤ دەستی بەدانانی کردووە و لە ١٨٦٤ یا ١٨٦٥دا لێ بووەتەوە لێی و، تا ئێستا سێ جار لە چاپ دراوە. جارێکیان لە قاهیرەی میسر لەگەڵ کتێبێکی تری فارسیی لە هەمان بابەتی بەناوی (ئەلفەوائیح -الفوائح) لەلایەن موحییددین سەبریی نعێمی کانیمشکانی[٢٥]یەوە لە ساڵی ١٩٣٣ یا ١٩٣٤داو جارێکی تر بەئۆفسێت لە تاران [٢٦] و، جاری سێهەم بەشەرحێکی دوور و درێژی باوکم مەلا عبدولکەریمی مودەڕڕیسەوە بە کوردی لە ساڵی ١٩٨٨دا لە بەغدا.

٢- (ئەلفەزیلە - الفضیلة). ئەم کتێبەیش هەر لە بابەتی (عەقیدەی مەرزییە)یەو بە عەرەبییە و ٢٠٣١ بەیتە و لە ١٨٦٨ یا ١٨٦٩دا دایناوە و، خۆی و چەندین کەس لە زانایانی سەردەمی ناوچەکە پەراوێزیان بۆ ئەمیش نووسیوە. ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار بەشەرحێکی دوور و درێژی باوکمەوە بە عەرەبی، لە ساڵی ١٩٧٣دا لە بەغدا لەچاپ دراوە.

٣- (ئەلفەوائیح - الفوائح). ئەم کتێبەش هەروا لە بابەتی دوو کتێبە پێشووەکەیە و بە فارسییە و ٥٢٥ بەیتەو لە ١٨٦٩ یا ١٨٧٠دا دایناوە.

ئەم کتێبە، وەک پێشتریش وتمان، بۆ یەکەمین جار لە داوێنی (عەقیدەی مەرزییە)کەیەوە لە قاهیرە لەلایەن موحییددین سەبریی نعێمیی کانیمشکانییەوە لە ساڵی ١٩٣٣ یا ١٩٣٤داو، بۆ جاری دووهەم بەئۆفێست لە تاران[٢٧] و، بۆ جاری سێهەم بەشەرحێکی دوور و درێژی باوکم و بە پەراوێز گەلێکی زۆری مەولەوی خۆی و هەندێ زانای ترەوە لە ١٩٩٥دا لە بەغدا لە چاپ دراوە.

دیارە مەولەوی ویستوویەتی بەم سێ کتێبەی بیروباوەڕی موسوڵمانەتی لە پێشانا بۆ کورد و ئەنجا بۆ عەرەب و پاشان بۆ فارس ڕوون بکاتەوە.

لەمانەیش بەولاوە، مەولەوی کتێبێکی تری بە شیعری کوردی هەر لە بیروباوەڕی موسڵمانەتیدا بەناوی (زوبدەتولعەقیدە - زبدة العقيدة)وە هەیە هێشتا لە چاپ نەدراوە. هەروا نامیلکەیەکی بچکۆلەی بیروباوەڕی ئیسلامەتییشی بەناوی (عەقیدەی مەولەوی)یەوە هەیە لە ساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن شێخ موحەمەد عەلی قەرەداغییەوە بۆ جاری یەکەم لە بەغدا لە چاپ دراوە و، جارێکی تریش بەشێوەیەکی پوختتر و تەواوتر لە ساڵی ١٩٩٣دا لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا[٢٨] هەر لەلایەن بڵاو کەرەوەی یەکەمجاریەوە بڵاو کراوەتەوە. نامیلکەیەکیشی بە شیعری فارسی لە پاڕانەوەدا لە خوا بەدەستەوداوێن بوونی پیرانی تەریقەتی قادرییەوە هەیە لە داوێنی شەرحەکەی باوکمەوە لەسەر (ئەلفەوائیح)ەکەی لە چاپ دراوە. جگە لەمانە نامیلکەیەکی لە چاپ نەدراویشی لەبارەی ئادابی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بە فارسی هەیە.

# دیوانی مەولەوی

بەڵام لە هەموو ئەمانەی بۆ کورد و بۆ ئەدەبی کورد پڕ بایەخترا، دیوانە شیعری سۆزەکەیەتی[٢٩] کە هەمووی بە کوردی و بەدیالێکتێکی تێکەڵ لە هەورامی و لە کرمانجی خوارووی ناوچەی تاوەگۆزییە[٣٠].

یەکەمین جار بڵاو کردنەوەی پارچە شیعرێکی مەولەوی بەچاپ و، ناساندنی خوێندەوارانی دەرەوەی کوردستان بە شیعری ئەم شاعیرە هەڵکەوتووە، من پێ بزانم[٣١]، ئەوە بووە ڕۆژنامەی(تێگەیشتنی ڕاستی) کە ئینگلیزەکان، پاش داگیرکردنی عێراق لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، لە بەغدا دەریان کردووە[٣٢]، لە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرە وتارێکا بەناوونیشانی (ئەدەبییاتی کورد) چەند بەیتێکی لە شیعری مەولەوی لەگەڵ کورتە هەڵسەنگاندنێکی خۆیا و وەسپ کردنی بە (شاعیری شێوەی زەنگنە و عەشایری ئەو تەرەفە)[٣٣]، بڵاوکردووەتەوە و بە (ئیبنوهانی) واتە (ئەبوو نوئاس) ی ئەو دیالێکتەی داناوە[٣٤]، کە واتە (شاعیری مەی)ە. لە ڕاستییشا مەی جێگایەکی بالای لە شیعری مەولەویدا هەیە و، مەولەوی زۆر بەرز و بالا، مەیی، بەمەعنا سۆفییانەکەی، لە شیعری خۆیا خستووەتەکار. پاش ئەم ڕۆژنامەیەش ڕۆشنبیری کوردی ئەستەمووڵ نشین ئەمین فەیزی بەگ[٣٥] لە چوارچێوەی کتێبێکی بچکۆڵەیا لە بارەی ئەدەب و ئەدیبانی کوردەوە کە ناوی لێناوە (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد[٣٦]) چەند پارچە شیعرێکی مەولەویی لەگەڵ چەند دێڕێ لە باسی خۆی و هەورامانا بڵاو کردووەتەوە و، ئیشارەتیشی بۆ ئەو چەند بەیتەی کردووە کە لەسەر شێوەی (سۆنێت) دایناون و، ئێمەیش پاشتر، بەکەمێک لەسەر ڕۆیشتنەوە لێی ئەدوێین.

یەکەمین بڵاو کردنەوەی شیعری مەولەوی، وەک دیوانە شیعر، با تەواویش نەبێ، ئەوەی پیرەمێردە[٣٧] کە شیعرەکانی مەولەوی بە شیعر

هێناوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو و بەناوی (ئەسڵ و ڕۆح)ی مەولەوی لە دوو بەرگدا لە چاپی داوە[٣٨]. لە ساڵی ١٩٦١یشا باوکم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بەیارمەتیی من[٣٩]، لە ڕووی چەند دەسنووس، دیوانی مەولەویی لەگەڵ لێکدانەوەیەکی پوختی واتا و تاکەتاکەی وشەکانی شیعرەکانی، لە کتێبێکی ٥٦٨ لاپەڕەییدا بڵاو کردەوە[٤٠]. ئەم چاپەی باوکم، جارێکی تر، لە ساڵەکانی حەفتادا لە ئێران بەئۆفسێت لە چاپ دراوەتەوە[٤١]. پاش ئەمە سدیقی سەفیزادەی بۆرەکەییش، بەپشت بەستن بە دەسنووسێکی یەحیای مەعریفەت کە لە کتێبخانەی دانشگای تارانا هەڵگیراوە و لە ڕووی دەسنووسی مەولەوی خۆی و لەسەردەمی ژیانی خۆیا نووسراوەتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێ بۆ بەشێ لە وشەکانی شیعرەکان و دەرخستنی ئەو بەراوردکارییە تێکستۆلۆگییانەی لە پەراوێزی دەسنووسەکەوە نووسراون، چاپێکی تری دیوانی مەولەوی لە ١٩٩٠دا بڵاو کردووەتەوە[٤٢]. موحەممەد ئەمین حەبیبی ئەردەڵانییش لە ساڵی ١٩٩١دا بەرگی یەکەمی دیوانی مەولەویی لەگەڵ وەرگێڕانیا بە شیعر بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو، بڵاو کردووەتەوە[٤٣]. ئێمەیش کەرەستەی پێویستی ئەوەمان کۆکردووەتەوە، ئەگەر بۆ مان ڕێکەوێ، جارێکی تر و بەشێوەیەکی تێر و تەسەلتر و تەواوتر و پوختتر و زانستییانەتر، ئەم دیوانە نازدارەی مەولەوی بڵاوبکەینەوە و چەردەیەکی تر حەقی خۆی بدەینەوە دەست و، بەوە وەفای ڕۆشنبیرانی کورد بۆ یادی ئەم شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان بخەینەڕوو[٤٤].

# کۆڵینەوە لە شیعری مەولەوی

تا ئێستا گەلێ بابەتی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن لەلایەن گەلێ لە بنووسان و توێژەرەوانی کوردەوە، چ لە دووتوێی هەندێ کتێبی ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا و چ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە بارەی شیعری مەولەوییەوە، نووسراوە. لەناو ئەوانەدا ئەم بابەتەیان نووسیوە، ناوی ئەمین فەیزی بەگ[٤٥]، پیرەمێرد[٤٦]، حسێن حوزنی موکریانی[٤٧]، گۆران[٤٨]، عەلائەددین سەجادی[٤٩]، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس[٥٠]، عەلی شێخ عومەری قەرەداغی[٥١]، سەیید تاهیری هاشمی[٥٢]، موحەممەد سدیقی موفتی زادە[٥٣]، د.عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ[٥٤] و، بەندە و[٥٥]، گەلێ کەسی تر لە ڕۆشنبیرانی کورد دیار و لەبەرچاوە[٥٦].

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردیی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق میهرەجانێکی ئەدەبیی بۆ یادکردنەوەی مەولەوی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سلێمانی گێڕا. لەم میهرەجانەدا کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد وتار و لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کرد. ئەو بابەتانەی لەم میهرەجانەدا خوێنرانەوە، لە ساڵی ١٩٨٩دا لە دووتوێی کتێبێکی ٢٥٦ لاپەڕەییدا بەناوی (میهرەجانی مەولەوی)، لەلایەن دەزگای ناوبراوەوە، بڵاو کرایەوە[٥٧].

هەروەها لە هاوینی١٩٩٢دا کۆبوونەوەیەکی گەورەی تر بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری سەقزی کوردستانی ئێران بەناوی (کۆنگرەی قەدر لێگرتنی مەولەوی) ڕێکخرا، کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی ئێران و چەند کەسێکیش لە کوردستانی عێراقەوە تیا بەشداربوون و، چەند پارچە شیعرو وتارگەلێکی زۆری پێوەندیدار بەگەلێ ڕووی ژیان و شیعر و بەرهەمی زانستی مەولەوییەوەی تیا خوێنرانەوە و، تێکڕای ئەو بابەتانە لە

دووتوێی کتێبێکا بەناوی (مجموعە مقالات واشعار کنگرە بزرگداشت مولوی کرد) لەلایەن دەستەی زانستیی ستادی بەرپاکردنی کۆنگرەکەوە لە هاوینی ١٩٩٦دا بڵاو کرانەوە[٥٨].

بەڵام ئەو کارەی لە گشت ئەم کاری لێکۆڵینەوەو لەسەرنووسینانەی لەمەڕ شیعری مەولەوی نووسراون بەربڵاوتر و بەلای منەوە پڕبایەختر بێ، ئەو نامەی دوکتۆڕایەیە کە شاعیر و ڕۆشنبیری کوردی کوردستانی عێراق ئەنوەر قادر موحەممەد پلەی دوکتۆرای لە ئەنستیتووتی ڕۆژهەڵات ناسیی لێنینگرادی سەر بەئەکادێمیای زانستەکانی سۆڤیەت پێ وەرگرتووە و، وەرگێڕراوە کوردییەکەی لە کتێبێکی ٢٨٩ی لاپەڕەییدا بەناوی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی) لە ١٩٩٠دا لە ستۆکهۆڵم لە سوید لە چاپ دراوە[٥٩].

# شیعری کوردیی مەولەوی

شـیـعـری کـوردیی مـەولەوی، تێکڕای لەسـەر سـەنگێکی تایبـەتیی نەتەوەیی دانراوە کە هەر نیوەبەیتێکی لە دە بڕگە پێکدێ و لای کەمی سێ پیتی دوایی هەر نیوێکی و زۆرجار زیاتریشی چوار پیتی یا پێنج پیتی وەک یەکـە. ئەم جـۆرە شـیـعـرە ئەو جـۆرەیە بەشی هەرە زۆری شـیـعـری دیالێکتی گۆرانیی پێ دانراوە کـە کـۆنتـرین شـیـعـری کـوردی تا ئێـسـتـا مابێتەوە بەم دیالێکتەیە. ئەم جۆرە شیعرە، بەم سەنگە و بەم دە بڕگەیەی هەر نیوە بەیتێکیەوە، بۆ تێکڕای ئەو ئاواز و گۆرانییانە دەست ئەدا کە لە ناوچەی گۆران و زۆر شوێنی ناوچەی ئێستای سۆران (کرمانجیی خواروو) کە جاران بەدیالێکتی گۆرانی دواون، ئەژەنرێن و ئەوترێن.

بەشێکی ئەم جۆرە شـیـعـرە کـوردییـەی مـەولەوی ئەوەیە کە کـتـێـبی (عەقیدەی مەرزیبە)کەیی پێ وتووە. ئەویکەیشی ئەوەیە ئەوەیە ئەکەوێتە چوارچێوەی (دیوانی مەولەوی)یەوە کە لەگەڵ ئەوەیش تا ئێستا چوار جار لە چاپ دراوە لەوە دڵنیا نین هەمـوو شـیـعـرەکـانی گـرتبـێـتـەوە و، تەنها جارێکیشـیـان ڕێبازی تێکستـۆڵۆگیی - ئەویش بەش بەحاڵی تەنها ئەو نوسـخـەیەی ئەو جـارە دیوانەکـەی لە ڕوو لە چاپ دراوە - تیـا ڕەچاوکراوە[٦٠]، لەبەرئەوەی تا ئێـسـتـا کـێـومالێکی تەواو بەهەمـوو ئەو شوێنانەدا نەکراوە گومانی بوونی شیعری مەولەوییان تیا ئەبرێ.

# بابەتی شیعری سۆزی بە کوردیی مەولەوی

مەولەوی، شیعری سۆزی بە کوردیی خۆیی لەگەلێ بابەتا بەکارهێناوە: ڕووی دەم کردنە خوا، سۆز دەربڕین بۆ پیری دەستگیر و ڕێنومای، نامە بۆ دۆستان، سۆزی بۆ یارو گلەیی و گازندە لە دووریی ئەو، لاواندنەوەی بەکوڵی کۆچکردووان و بەتایبەتی دوو کەس: عەنبەر خاتوونی خێزانی و ئەوڕەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یاروەیسی دۆست و برادەری، وەسپی سروشتی وڵات و بەتاییەتی وەرزەکانی ساڵ و گەرمیان و کوێستان کردنی خێڵەکان و ڕۆیشتن و هاتنەوە و نەهاتنەوەی یاران و دۆستانی کە وابووە لەو وەرزی هاوێنە خۆرییەدا کۆچی دواییان کردووە یا لەبەر هۆیەک ماونەتەوە و شکاتی حاڵی خۆی و دەربڕینی دەردە دڵەکانی بەتاییەتی هەژاری و پیری و کوێری و جەور و ستەمی زەمانە و مامەڵەی خراپی هەندێ کەس دەرهەقی.. مەولەوی لە گشت ئەم بابەتانەدا گەیشتووە پۆپەیەکی زۆر بەرزی دەربڕینی شیعری و بیری ورد و وێنەی جوان و ڕازاوە و ناسکی وا کەم جار شاعیرانی تری کورد توانیبێتیان لەو مەیدانەدا شان بەشانی بوەستن. ڕاستگۆیی مەولەوی لەگەڵ خۆی و کولانی لەناوەوە، کاریکیان کردووە ئەوەندەی بتوانرێ خەیاڵی شیعری بەجوانی دەرببڕێ، بەئاسانی بەدەستییەوە هاتووە. بۆیە شیعری مەولەوی لە هەموو ئەو ناوچانەدا لێی تێ ئەگەن خۆشترین شیعرە لەسەر زمانی خەڵک و لە بەرگوێیان و، هەر بۆیەیشە لە سەردەمی مەولەوی خۆیەوە تا ئەمڕۆ خۆشترین و پڕسۆزترین و دڵگیرترین ئاوازی کلاسیکی کوردیی وەک: قەتار و، ئەڵڵاوەیسی و، ئای ئای و، خاوکەر و[٦١]، سیاچەمانە و، دەرەیی[٦٢] کە لە ناوچەکانی ئێستا یا لەمەوپێش بەدیالێکتی گۆرانی دووی کوردستانا سەردەستەی گشت بەزم و ئاوازەکانن، لەلایەن دەنگخۆشترین مەقامبێژانی کوردەوە بە شیعری مەولەوی وتراون و ئەوترێن.

مەولەوی، وەک بەشی زۆری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، گەلێ جار لە شیعرەکانیا پەنا ئەباتە بەر مەی و، بەڵکو لە شیعری ئەما مەی کەرەستەیەکی سەرەکیی بینای شیعرە. مەولەوی کە داخی دڵی لە دووریی یار دەرئەبڕێ، یا دۆستێکی کۆچی دوایی کردووی ئەلاوێنێتەوە، یا لە ڕووزەردیی گوناهباری خۆی لە حوزووری خوادا ئەدوێ، یا دەردە دڵەکانی خۆمان بۆ ئەگێڕێتەوەو لێ ئەبێتەوە، ئەکەوێتە هەوڵی ئەوەی کارێک بکا ئەو نارەحەتییانە لە یاد بەرێتەوە و ئەو زووخاوانەی ناو دەروونی بشواتەوە، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا پەنا ئەباتە بەر مەی و بەفریاڕەسی کاربەدەس ئاسانی خۆیی ئەزانێ. وەک چۆن لە جیهانی مەحسووسی ژیانمانا مەی ڕێگای ئاسان و هەموو کەس دەس بەسەرا ڕۆیشتووی خۆ لە یادبردنەوەیە، لای ئەویش هەروا. بەزمێک ئەنێتەوە: مەیگێڕ و مەی و پیاڵە و گۆرانی بێژ پەیدا ئەکا، دەفژەن و شمشاڵ لێدەر دائەنێ و کۆڕەکەیان پێ گەرم ئەکا، بەڵام هەموو ئەمانە لای ئەم مەجازین و مەیگێڕ ئەو یارە ڕاستەقینەیە کە ئەتوانین بەخوا یا بەڕێگای ڕاستی مەعنا لێ بدەینەوە و گۆرانی بێژ و شمشاڵ لێدەر ئەو بانگ کەرەن کە بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاستی و جیهانی جاویدان و بوونی ڕاستەقینەی بانگ ئەکەن و، مەیەکەیشی ئەو مەیی سۆفیانە و بێ ئاگابوون لە دنیا و توانەوە لە جیهانی بوونی هەمیشەییدایە. جا بۆ مەولەوی لەم بازدانەیدا لەم جیهانە پڕ دەرد و مەینەتەوە بۆ ئەو جیهانی حەسانەوەی بێ بڕانەوەیە و بوون بەدڵۆپێ ئاو لە دەریای بوونی ڕاستەقینەدا، هونەرمەندێکە وەختە بڵێم باڵادەستی نییە و، شیعرێ ئەڵێ لە ڕیزی سەردەستەی هەموو شیعری مەیخوارییە.

لای مەولەوی سروشت و ئادەمیزادانی پاک هەردوو دیمەنی یەک ڕاستین. ئەو لە هەر دیمەنێکی سروشتا، بەهار بێ یا پایز، هاوین بێ یا زستان، ڕوویەکی جوانی موتڵەق ئەبینێ و، لە پێشاندانی تابلۆی هەر وەرزێکا ئەم بینینی جوانیی موتڵەقمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە.

هەمـان کـات ئەو جـوانیی مـوتڵـەقـە لەو مـرۆیانەیشـا بەدی ئەکـا کـە بەڕاسـتی لە واتای مـرۆڤـایەتی و دۆسـتـایەتی گـەیشـتـوون. ئەو، کـوڕی یارانی، لا، دیمەنێکە لە دیمەنەکانی جوانیی سروشت و، بەشێکە لە جوانیی مـوتڵـەق و تەنانەت لەژێر خـاکـیشـا پاش حەسانەوەی هەمـیشـەییـیان ئەم جوانـیـیە مـوتڵـەقـەیان هەر بۆ قـایلە و، وەک جۆرێ لە باوەڕ بەبیری دوونا دوون، شنەی شـیـنایی و گـوڵاڵـەی سـوور و زەردی سـەر ئارامگایان بەدیمەنێکی بەشی ئەوان لەو جوانییە موتڵەقەدا ئەبینێ و گشتیان ئەکا بە یەک چەپکە گوڵ و پێکەوەیان ئەبەستێ. سەیری ئەم بەهارنامەیەی بکەن کـە دواییـیـەکـەی بەیەکگرتنەوەی جـوانیی سـروشت و جـوانیی وەجـدی نووستووانی پاکی ژێر گڵ دێنێ:

**نـازک: تـەدارەک فـــــەسـڵ وەهـاران**
**شـــیــرین: ئارایش هەردە و کـــۆســـاران**
**گـــوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکـــەت پۆشـــان**
**وەفـــراوان چون ســـەیل دیدەی من جـۆشـــان**
**مـــــدیـان گـــــولاڵان نـە پـای دەربەنـدان**
**ئەو یەکـــتـــــەر وێنەی ئارەزوومـــــەندان**
**چ خـــاس خـــاس شنیـــۆ نە ئێـــوارانـدا**
**ســـەوزە وە ڕووی خـــاک جـەرگـەی یاراندا!**
**بوین ڕەعـــشـــەی وەجـــد دڵەی پاکـــشـــان**
**عـــەیان نە شنیـــای ســـەوزەی خـــاکـــشـــان**
**جـەی گـۆشـە خاسـتـەر نیـیـەن مـەسکەنێ**
**ساقـی گـیـان! ئامـان، خـومـار ئەشکەنێ!**
**هۆرێزە، ســـوبحـــەن، دڵ تازە خــــاوەن**
**شنۆی پای کـــاوەن، گـــۆشـــەی ســـەراوەن**
**ســـەوزەی خـــاک پاک یاران هام فـــەرد**

**فـــرەمـــان وە فـــەرش بەزم دێمـــان کـــەرد**

**کـەو سـەوزەی ئێـمـەیچ نە کـام هەردی بۆ!**

**وە فـەرش مـەجلیس کـام هـام فـەردێ بۆ[٦٣]!**

دیمەنێکی تری شـیـعـری مـەولەوی گـواسـتـنەوەیە لە زۆر لە پارچە شـیـعـرەکـانـیـا، لە ڕێگای پێـوەندێکی زۆر ناسک و باریکەوە، لە مەحسووسەوە بۆ میتـافیزیکا و، لە ژیانی دنیای لەبەر جۆرەها هۆ پڕ لە دەردو کـەسـەر و مـەینەتی لەش و دڵ و دەروونەوە بۆ ژیانێکی بێ ئازار و نارەحەتی کە مەولەوی، دیارە لەبەر ڕێ نەبردنی بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی ناخـۆشـیـیـەکـانی ژیانی مـاتریاڵی و دروست کـردنی ژیانێکی ئازاد و سـەربەست بۆ ئادەمـیـزاد کـە کـەرامـەتی بەپێی بارودۆخی سـەردەم تـیـا بپـارێزرێ، لەو ژیانە ئەبەدییـەدا بەدی ئەکـا کـە هەمـوو خـاوەن باوەڕان بەژیانی پاش مەرگ، هەر لە سـەرەتای مێـژووەوە سەبووربی دڵی خـۆیانی پێ ئەدەنەوە و، کـە سـۆفـیـەتیی ئیـسـلامـیـیش، وەک دیاردەیەکی بەربەرەکانێی سەلبی لە ڕووی مشـەخۆری و دنیا پەرسـتـیی حوکمڕانان و دەست و پێـوەندەکانیانا، لە هەر بەرگ و سـیـپـاڵێکا بووبن، هاتە ئاراوە، چەند ئەوەندەی تر تەشەنەی بەم ڕێبازە داو کارێکی کرد لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیی ڕەنگ بۆ ڕێژراو و گەلێ دوور ڕۆیشتووتر لەو مەودایەی ئایینە ئاسـمـانـیـیـەکـان خـۆیان کـە خـاوەنی ئەو بـاوەڕەن، بۆی چوون، کـۆڕ و کۆمەڵانێکی زۆری خەڵک بگرێتەوە.

یەکـێـتـیی ئادەمـیـزاد و سـروشـتـیش بیـرێکی ترە زۆر زەق بە شـیـعـری مـەولەوییـەوە دیارە و دواییی زۆر پارچە شـیـعری خـۆی بەوە ئەهێنێ، کـە ئەمـەیش دیمەنێکی بیـری یەکـێـتـیی گـێـتی (وحدة الـوجـود)ە کـە لەناو سۆفـییانا زۆر بڵاو بووە و مەولەوییش، وەک سۆفییەکی ساف، یەکێ بووە لە هەڵگرانی.

گیانی نارەزاییش لە کۆمەڵ و پێوەندییەکانی و سیستێمی کۆمەڵایەتیی فەرمانڕەوا و پەسەند نەکردنی لە ناخەوەی زۆر داب و نەریتی باو، ئەمیش

شناسنامەیێکی تری کەم تا زۆر دیاری شیعری مەولەوییە، بەڵام لە هیچ کامێکیانا ناگاتە ئەو تاقە بەیتەی کە ئەڵێ:

**وەخـــیـــلافـــەوەن یاران ســـەرمـــەس**

**تەقـــازای زاتیی تەبعم، هەرچی هەس** (٦٤)

بەداخەوە، مەولەوی، وەک بڵێی پاش وتنی ئەم بەیتەی کە ئەوەندەی چەکوشێکی قورس بدرێ بەسەری هەر کەسێکا، قورسە، خۆیشی هاتووەتەوە سەر خۆی و لەبەیتەکانی تری پارچە شیعرەکەیا، لەسەر ڕێبازی ئەم بەیتە تاقانەیە بەردەوام نەبوە.

دوا شت لەم مەیدانەدا بیڵێم ئەوەیە کە مەولەوییش، وەک هەموو ئەوانەی بیرکردنەوە لەم جیهانە سەرسامی کردوون و زۆریانی خستووەتە سەر ڕێگای پاکانەکردن لە هەموو ئەو شتانەی بە ڕێبازی خەڵکیانەوە ئەبەستێ و زۆریشیانی وا لێ کردووە نەیانتوانیوە تا دوا قۆناغ ڕێگاکەیان ببڕن و پاشگەز بوونەتەوە، بەڵام تا ئێستایش کەسێ وەڵامێکی دڵ متمانە پێ کردووی ئەو پرسیارەی پێ نەدراوەتەوە کە هەر لەسەرەتای مێژووەوە خاوەن بیرانی هەموو شوێنێکی تیا حەیران و سەراسیمەن، لەیەکێ لەو زمان هەڵکەوتنە بەدەگمەن و نایابانەدا کە پێ بەجگەری خۆیا ئەنێ تیایانا و زاتی ئەوە ئەکا چی لە دڵیا بێ بێ پەردە بیدرکێنێ، ئەڵێ:

**هەرچی دیت وە چەم شی نە ســـەفـــەردا**

**هەرچی مـــوینی هانە گـــوزەردا**

**کـــەس حـــاڵی نەبی وە هیچ نەفـــامـــا**

**ئەو پەی چێش و یەرد، ئێـد پەی چێش ئامـا** (٦٥)

یەکێ لە نیشانە زەقەکانی شیعری مەولەوی خۆوڵاتێتیی ئەو وێنە شیعرییانەیە دروستیان ئەکا. ئەو، لە کەرەستەی وڵاتی خۆی کە خوێندەوارە هاووڵاتەکانی زۆرباش ئەتوانن بیهێننە بەرچاوی خۆیان و لێی تێ بگەن، وێنەی بەرز و باڵای وامان لەو شێوەیەدا کە پێیی ئەڵێن

(سەهلی مومتەنیع) واتە ئاسان بەڵام هەموو کەس دەست پێ نەگەیشتوو بۆ دروست ئەکا کە هەرچەندە بەناو دیوانی شاعیرەکانی ترمانا بگەڕێین مەگەر بەدەگمەن چەردەیێ لەو یا پارچەیەکی ئەو وێنەیەمان بەرچەنگ بکەوێ. با سەیرێکی ئەم چوارینەیەی بکەین و لێی ورد ببینەوە:

**باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ**

**بانەنا و وە خاک ئاسانەکەی تۆ**

**تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا**

**ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا**(٦٦)

مەولەوی هاتووە لەم چوارینەدا دیمەنی باڵەخانەیەکی بەرزی (ئاوێنە بەندی) کوردەواریی لە حاڵی دڵۆپەکردن و پێویستی بەچوونە سەربان و کوتاندنەوەی گڵە بارانا و هەڵمژیوەکەیا هێناوەتە بەرچاوی خوانایانی شیعرەکەی و، ئەڵێ:

باڵەخانەی چاوی ئەو کەسەی شێت بووە بۆت و وەک عەوداڵ کەوتووەتە دووت کە سەربانەکەی بەخاکی بەرکەوشکەنی تۆ گڵەبان کراوە، وەک چۆن دڵۆپە دانیشتووانی ژوورەکانی سەرەوەی باڵەخانە بێزار و نارەحەت ئەکا، ئاوا دڵۆپەی فرمێسک وێنەی هەمیشە نیشتەجێی تۆی تیا بێزار و نارەحەت کردووە. دە جارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ، بەڵکو بەو هاتن و پێ پیانانەت کزربێتەوە و دوایی بەگریانی لەبەر دەردی دووریم لێتەوە بێنی، وەک چۆن بانگوش کە ئەچێتە سەربان و قوڕی بانەکە ئەکوتێتەوە و بەوە دڵۆپەکەی ڕائەگرێ.

چەند پێک شوبهاندن لەم چوارینەدا هەیە؟

- شوبهاندنی چاو لەوەدا کە لە بینای لەشی ئادەمیزاد یا سەری ئادەمیزادا بەبەرزییەوەیە، بەژوورەکانی سەرەوەی باڵاخانە کە بینایەکی بەرزە.

- لەوەدا کە شتەکانی بەبەردەمیا تێ ئەپەڕن ڕەنگی تیا ئەدەنەوە،

بەئاوێنەبەندی باڵاخـانە کـە هەرچی لە بەرانبـەریا بێ یا لە بەرانبـەریەوە تێپەڕێ ڕەنگی تیا ئەداتەوە.

– لەوەدا کـە وەک دۆست خـۆی هەرکـات لە باڵاخـانەکـەیایەتی و لێی نابڕێ، ئەمیش وێنەی دۆستی هەرگیز لێ نابڕێ.

– لەوەدا کـە لە تـاو دووریی خـودی دۆست لێی هەمـیـشـە فـرمـێـسـک ئەڕێژێ وەک سەربانی باڵاخانەکە بانگوش نەچێتە سەری و نەیکوتێتەوەو نەیگێڕێ هەمیشە دڵۆپە ئەکا.

– لەوەدا کـە چۆن بـانی دڵۆپە کـردوو پێـویسـتی بە خـۆڵ کـردنە سـەرە تا باراناو هەڵمژێ، ئەمیش پێویستی بە هاتنی دۆستە کە خۆڵی بەری پێی لەگەڵ خۆی دێنێ و، بە کەوتنە سەری -بەخەیاڵی- ئەو خۆڵی بەری پێ و کوتاندنەوەیەی، سوکنایی بۆ دێ و فرمێسکی داوەریوی ئەوەستێتەوە.

پاش هەمـوو ئەمەیش سـەیری ئەو بەراوردکـردنە پڕ لە خۆ بەکـەم دانانەی کەن چۆن خۆڵی بەرپێی دۆست ئەکا بە دەرمانی دەردی چاوی فـرمێسـک ڕشـتـووی خـۆی و، چاوی خـۆی کـە ئازیزترین ئەندامی لەشـیـە لەگـەڵ ئایەخترین شتی دۆست کە خۆڵی بەرپێیەتی، لە ئاستی یەکا ڕائەگرێ. لە مـەیش زیاتر ئەمـەیشی بـۆ خـاتری خـۆی ناوێ، تەنـهـا بۆ ئەوەیەتی وێنەی دۆست لەناو چاویا بە دڵۆپەی فـرمـێـسـکی بێـزار نەبێ و، خـۆیی هیچ مەبەست نییە.

ئەم وێنە چڕوپڕانە هەمـوو لە تاقە چوارینەیەکا کە هەر ئەوەندەیشـمـان بۆ لێ یەکـالا ئەکـرێتـەوە بۆ خـوێندەوارێ کـە هەورامـیـیـانە نەزانـێ. بۆ خـوێندەواری هەورامـیـیـانە زانیش زیاتری بەدەمـەوەیە، چونکە وەک ئەگێڕنەوە، مەولەوی ئەم دوو بەیتەی کە لە چوارچێوەی پارچە شیـعرێکی زستـانیـدایەو دیارە باران و دڵۆپەو بانگێڕانیش تایبەتی وەرزی زستـانن، لەدێی (تەوێڵە)ی هەورامـان بۆ پیری دەسـتگیری وتـووەو لەو ڕۆژانەدا لە هۆدەیەکی باڵەخـانەیەکی خـانەقـای تەوێڵـە مـیـوان بووە کـە بەسـەر چەمی

تەوێڵەوە دروست کراوە و، دوور نییە لە ڕاستیدا باڵەخانەکەیش دڵۆپەی کردبێ و مەولەوییش بەتیرێ دوو نیشانی شکاندبێ و هەردوو واتا دیار و وردەکەیشی مەبەست بووبێ.

جا توخوا لە دیمەنێکی لەبەر چاوی هەموان بووی وەک دڵۆپەکردنی زستانانی خانووی کوردەواریمانا، چ هونەرمەندێ، لە مەولەوی بەولاوە، ئەتوانێ لە تاقە دوو بەیتا تابلۆیێ، بەڵکو پانۆرامایەکی وا چڕوپڕو خەستوخۆڵمان بۆ دروست بکا؟(٦٧)

ئەمەیش چوارینەیەکی تر:

**هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن:**
**نەقش شیرینش نە ڕووی سەنگ کەندەن**
**دەک ڕێزان دەس با وەر جە گیان سەندەن**
**کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش شەندەن؟!(٦٨)**

هەموان ئەزانن فەرهادی دڵداری شیرینی ئەرمەن، بەپیلانێکی خوسرەوی پەروێز کە ئەویش هەروەک فەرهاد حەزی لە شیرین بووە و ویستوویەتی دەستی بەسەرا بگرێ، هاتووە نەخشی شیرینی لەسەر تاشە بەردەکانی بێستوون هەڵکەندووە و، هەر کە لەو کارەیشی ئەبێتەوە کە خوسرەو چاوەڕوانیی نەکردووە بتوانێ تەواوی بکا، بەپیلانێکی تر کە هەر خوسرەو بۆی ناوەتەوە، خۆی کوشتووە. جا مەولەوی ئەڵێ: دەک دەستەکانی فەرهاد داڕزێن! ئەگەر ئەو بەڕاستی عاشقی شیرین بووە، ئەبوو شیرین بەچاوی خۆی بزانێ و هەمیشە لەپێش چاوی بێ. کە بەچاوی خۆیشی زانی، ئیتر چۆن دێ ئەڵماس بەتاشەبەردی بێستوونا بێنێ و وێنەی فەرهادی لێ هەڵبکەنێ کە بەو کارە ئەڵماس بەچاوی خۆیا دێنێ!

لە دیوانی مەولەویدا گەلێ وێنەی شیعریی تری وا هەن کە بەڕاستی دڵی دڵدارانی ئەدەب گرەویدەی خۆیان ئەکەن و بۆ لای خۆبانیان ڕائەکێشن.

بەداخەوە لێرەدا مەودای ئەوەمان نییە هەندێکیان بخەینە پێش چاو سەد

بریا کــەســانێکی مــەولەوی زان و بەزمــانانی بێگانە ئاشنامــان بۆ هەڵکەوتنایە هەڵبـژاردەیەکی دیوانی مـەولەوییـان وەرگـێـڕایەتە سـەر ئەو زمانانە تا دۆستـایەتی دەرەوەمانیان لە شـیعری ئەم شاعـیرە مەزنەمان شارەزا بکردایە.

## سۆنێت لە شیعری مەولەویدا

مەولەوی، وەک تا ئێستا پێی زانرابێ، یەکەمین کەسە لە شیعری دیالێکتی گۆرانیدا شێوەی (سۆنێت)ی بەکارهێنابێ کە ئەوەیە قافیەی یەکەم و سێیەم نیوەبەیتی چوارینەی و قافیەی دووەم و چوارەم نیوەبەیتی وەک یەکن. مەولەوی ئەم حاڵەتە لە شیعری خۆیا بەتێکچوونی قافیەی خۆی ئەداتە قەڵەم و لە تاقە پارچە شیعرێکیا بەکاری هێناوە و، لەو پارچە شیعرەیا کە بەبۆنەی هاتنی بەهاریەوە داناوە وا پیشان ئەدا کە بەهار سروشتی بەجارێ ڕازاندووەتەوە، کەچی خاکی بەختی ئەو هەر شۆرەزارە و گیای هیچ لێ ناڕوێ. لەبەر ئەوە دەردی ئەوەندە گرانە تەنانەت قافیەی بەیتەکانی پارچە شیعرەکەیشی شێواندووە. ئەمجار بە شەش بەیتی لە شێوەی سۆنێت پارچە شیعرەکەی تەواو ئەکا. نازانم لە زمانەکانی ترا سۆنێت چۆن بەکارهێنراوە. ئاخۆ ئەگەر نیوەبەیتەکانی قافیەیەکیان لابەری واتا تێک ئەچێ یا نە، بەڵام لە بەکارهێنانەکەی مەولەویدا بەجۆرێکە ئەگەر نیوەبەیتە تاقەکان بکرێنەوە بەبەیتی تەواو و نیوەبەیتە جووتەکان بەبەیتی تەواو، هەر دوانێکیان بەیتێکی تەواویان لێ دەرئەچێ و مەعنا هیچ ناشێوێ. ئەمین فەیزی بەگ کە یەکەمین کەسە ئیشارەتی بۆ ئەم جۆرە شیعرەی مەولەوی کردووە، وای لەبارەوە ئەڵێ: «مەولەوی، بەموقتەزای ئەو مەوقیعە کە تێدا بووە، هیچ چاوی بە شیعری فەرەنگ نەکەوتووە. لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلووبی ئەوان شیعری نەزم کردووە. لە قیتعەیەکدا میسرەعی ئەووەڵی تەقفییە کردووە لەگەڵ میسرەعی سالیس و قافیەی میسرەعی سانیی ڕێکخستووە لەگەڵ میسرەعی ڕابیع». ئەنجا ئەڵێ: «ئەم ئوسووڵە خیلافەی ئوسووڵی شوعەرای ئێرانە، وە مەولەوی لە کەسی نەدیوە. مەحزەن بەحوسنی تەبیعەتی خۆی موناسبی زانیوە و ئیستیعمالی کردووە(٦٩)». ئەم جۆرە شیعرە لە دیالێکتی کرمانجیی سەروویشا لای

ئەحمەدی جزیری[٧٠] هەیە. پاش سەردەمی مەولەوییش، لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووشا لەسەر دەستی شێخ نووریی شێخ ساڵح[٧١] و گۆراندا[٧٢] هێنراوەتە ناوەوە و باوێکی زۆری پەیدا کردووە.

ئەمەیش ئەو چەند بەیتەی مەولەوی شێوەی سۆنێتی تیایاندا بەکارهێناوە:

**مەنعم مەکەردێ، گرانەن دەردم**
**ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم:**
**«فەریاد جە شۆرەی ئەرزە چارەی من»**
**«هەر سەوزەی مراد من نادیارەن»**
**«داد جە هەوای شووم بەدستارەی من»**
**«هەر نەو گوڵاڵەی من نە پێوارەن»**
**«یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشی»**
**«بەو سەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە»**
**«یا جۆش سەمتوور موتریب، خرۆشی»**
**«چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە:»**
**«بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ»**
**«های چەمە دەخیل، شەوێ، شەونمێ»**
**«بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازک نەو گوڵ»**
**دەمە نەسیمێ، وادەی سوب دەمێ[٧٣]»**

## ژیانی مەولەوی و پێوەندی شیعری بەژیانیەوە

مەولەوی، چ لە سەرەتای ژیانیا کە بەشێکی بەفەقییەتییەوە بەسەر بردووە و، چ پاش بەمەلابوون و ئیجازە وەرگرتنی، بەشی زۆری تەمەنی بەکوێرەوەری و نارەحەتی و دەس تەنگی و جەوری زەمانە و دڵڕەقیی دەسەڵاتدارانی سەردەمەوە تێپەڕاندووە.

هێشتا لە سەرەتای خوێندنیا بووە باوکی مردووە و لە پێناوی پەیداکردنی پارووە نانێکا بۆ براو خوشکە هەتیو کەوتووەکانی ناچار بووە دەسبەرداری خوێندنەکەی ببێ و دەس بداتە کاری پڕ ئەرکی نان لە قوڕگی زەوی دەرهێنان و تا وایان لێ نەهاتووە بتوانن خۆیان بژێێن نەگەڕاوەتەوە سەر خوێندنەکەی، کە ئەمەیش وا ئەگەیەنێ ئەبێ بەگەورەیی خوێندنی تەواو کردبێ.

وەکو سەیید تاهیری هاشمییش ئەڵێ، لە قۆناغی دووهەمی خوێندنیا کاتێ لە (خانەگا)ی لای(پاوە) فەقێ بووە گرفتاری دڵدارییەکی زۆر بەتین بووە بەڵام تیا سەرنەکەوتووە و یارەکەی بەنسیب نەبوە(٧٤). دیارە ئەبێ بەشێ لەو شیعری سۆزانەی بۆ دڵدارییەکی ناکامی وتوون، باس لەم دڵدارییەوەی بکەن(٧٥).

پاش چەند ساڵێکی کەمی مەلایەتییش لە (چرۆسانە) و (گونە)ی نزیکی هەڵەبجە کە وادیارە کەمێ ژیانی تیایانا خۆش بووە چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی حاسڵخێر و بەپیتە و تەنانەت مەولەوی باخێکیشی بۆ خۆی لە چرۆسانە ناشتووە ئەڵێن ئێستاش ماوە و بە(باخی مەولەوی) بەناووبانگە، لە ئەنجامی هێرشی سوپای عوسمانیدا بۆ سەر ناوچەکە بەمرازی چەکداماڵینی عەشیرەتی جاف و سووتاندنی دێهاتی ئەو ناوە، مەولەوییش بەناچاری لەوێ هەڵکەنراوە و باری کردووە بۆ (شەمێران) و لەوێیش ژیان و گوزەرانی هەر خۆش بووە، چونکە کاروباری مولکانە

کۆکردنەوەی ئەو دەوروبەرە بۆ بەگزادەی جاف کە عوسمانییەکان تەرخانیان کردبوو بۆیان، بەدەستی شێخ عەلیی عەبابەیلێیی ناوێکەوە بووە کە لەگەڵ مەولەوی و خزمەکانی باش بووە، بەڵام پاشان کە حەمە پاشای جاف ئەم شێخ عەلییە لەسەرکاریی ئەو ناوچەیە لا ئەبا و کارەکە بەیەکێکی تر ئەسپێرێ کە وەک شێخ عەلییە پێشووەکە لەگەڵ مەولەوی و خزمانی ناجوولێتەوە، گلۆڵەی مەولەوی لەو ناوچەیەدا ئەکەوێتە لێژی و نامەیەکی گلەیی ئامێز بە شیعری فارسی بۆ حەمە پاشا ئەنووسێ(٧٦) و بۆ خۆیشی هەڵئەسێماڵی ئەباتەوە بۆ (سەرشاتە) کرێن و ڕەقەن و بێ پێزەکەی ماوا و زێدی باوک و باپیری و، ئیتر لەوێوە سەرتاپای هەژاری و تەنگدەسی و بێ دەرامەتیی دەس پێ ئەکا کە تا دوا هەناسەی ژیانی بەردەوام بووە و گەیوەتە ڕادەیەک گەلێ ساڵ پارەی لەم و لەو قەرز کردووە و کوڕێکی خۆی ناردووە بۆ ناوچەی (مایدەشت) لە کوردستانی ئێران گەنم بکڕێ و بەباری کەر و ئێستر بیهێنێتەوە بۆ ناندانی دیوەخانەکەی باوکی تا شەرمەزاری میوان و ئاوەند و ڕەوەند نەبێ کە هەمیشە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەم باری سەختی گوزەرانەیشیا هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە بگوێزێتەوە بۆ لای یەکێ لەوانەی هەمیشە پێشنیایان بۆ ئەکرد بچێتە لایان و گفتیان ئەدایێ دێهات و زەویو زاری باشی بۆ تەرخان بکەن بۆ دابین کردنی ژیانێکی خۆش بۆی، وەک فەرهاد میرزای قاجار و میرزادەکانی سنە و، کەسوکارە وەک خۆی هەژار و بێ دەرامەتەکانی، بەجێ نەهێشتووە. هەر بۆیەیش دەوڵەمەندێ لە نەوەی مەولەویدا پەیدا نەبووە.

وا دیارە مەولەوی تەنها لە سەردەمی قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی مامی مەحموود پاشا و عوسمان پاشای جافا بەتەواوی قەدر و حورمەتی لێ گیراوە و گەرد لە ڕووی پێوەندی بەگەورە گەورانی جافەوە نەنیشتووە. چەند پارچە شیعری ناسکی لاواندنەوە کە مەولەوی بەبۆنەی کۆچی دوایی هەندێ لە بەگزادە جافەوە لە پیاو و لە ئافرەت وتوونی، ڕاستیی ئەم بۆچوونە ئەگەیەنن. لەو لاواندنەوانەی پێشوو بەولاوە شیعری لاواندنەوەی

تری بۆ هیچ کام لە جافەکان دیار نییە. نامەی پەخشانیش بۆ حەمە پاشا هیچ دیار نییە و نامەی بەشیعریش هەر ئەو نامەیە کە دیارە گلەیی لابردنی شێخ عەلیی عەبابەیلێیی لە سەرکاریی موڵکی شەمیرانی تیا کردووە لێی و پێشتر باسمان کرد. لە سەردەمی مەحموود پاشایشا کە دیارە زۆر حەزی لە شیعری مەولەوی کردووە و بەتایبەتی دیوانێکی نزیکە تەواوی ئەوی خستووەتە کەشکۆڵەکەیەوە کە بنووسێکی ئێجگار خەتخۆش بۆی نووسیوەتەوە، چەند پارچە شیعرێکی ئێجگار زۆر ناسک و پڕ سۆز هەیە کە مەولەوی بۆ ئەوی ناردوون. بەڵام لە هەمان کاتا لە نامەکانیشیا چەند نامەی بە فارسی هەن ئەوەی بەباشی لە بابەتی دوو تویێیان بگا هەست بەگلەیی و گازندەیەکی زۆر خەست و دڵ بریندارکەر ئەکا تیایانا.

بەداخەوە، شیعری مەولەوییش، وەک شیعری هەموو شاعیرانی تری پێشووی کورد، کەمیان بۆنە و موناسەباتی دانانیان لەپاڵیانا نووسراوە. وا نەبوایە شیعری مەولەوی کە لە دەرد و کەسەری دڵی لێوانلێوە و، نامە نەزانراو بۆ کێ نووسراوەکانی گەلێ ڕووی ژیانی پڕ دەرد و ئازارییان بۆ ڕوون ئەکردینەوە. ئێستا هەر چارمان لە وردبوونەوەیەکی زیرەکانەدایە لەو پارچە شیعر و نامانەی لە پاشی بەجێ ماون بییانکەین بەداری دەستمان لە گەڕانا بەدوای هەندێ شتی نەزانراو لە ژیانی پڕ تاڵ و سوێریی مەولەویدا.

مەولەوی لەوکاتەوە گەڕاوەتەوە بۆ سەرشاتە و بۆ هەمیشە لەوێ سەقامگیر بووە، ژیانی بەتەنگدەستی و هەژاری و کوێرەوەری بەسەر بردووە. لە دوا ساڵەکانی ژیانیشیا چەند قات زیاتر لە جاران کڵۆڵ بووە. لەم ساڵانەدا دوو سێ کارەساتی گەورەی بەسەراهاتووە ئەتوانین، بڵێین لەناو ئەم کارەساتانەدا لە گشتیان کاریگەرتر بۆ سەر دڵی مەولەوی کۆچی دوایی عەنبەر خاتوونی خێزانیەتی کە حەوت ساڵ پێش مەرگی ڕووی داوە و، بەو چەند پارچە شیعرەدا لە لاواندنەوەیا وتوونی بۆمان دەرئەکەوێ ئەم خانمە خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەری لە دڵیا بووە. ئەم عەنبەر خاتوونە

کچێ بووە لە بنەماڵەیەکی ئەوغانی کە لە سەردەمی بابانەکانا سەد ماڵێکیان، نازانم لەبەر چ هۆیەک، هاتوونەتە کوردستان و لەو شارەزوورە نیشتەجێ بوون و، لەوە ئەچێ کورە ئازا و جەنگاوەرەکانیان لە دەرباری بابانەکانا چەک بەدەست بووبن[٧٧]. لەمەوە بەدووری نازانم سەرەتای ناسیاوی پەیداکردنی مەولەوی لەگەڵ عەنبەر خاتوون بۆ ئەو ڕۆژانە بگەڕێتەوە کە دوا قۆناغی فەقێیەتیی لە سلێمانی بەسەر بردووە و لەگەڵ ئەحمەد پاشای دوامیری بابان پێوەندی دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێوان بووە و لەوەوە لەگەڵ کورە یەلەیەلەکانی ئەو ئەوغانییانەی لە دەرباری بابانەکانا بوون ناسیاوی پەیداکردبێ و لەم ڕێگایەوە عەنبەر خاتوونیشی ناسیبێ. بەهەرحاڵ خۆشەویستی مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوون خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بەتین بووە و مەرگی ئەم خانمە ئازیزە کارێکی جەرگ بڕ و دڵتەزێنی کردووەتە سەر ژیانی مەولەوی و زامێکی قووڵی هەرگیز سارێژنەبووی کردووتە دڵی و تا دوا هەناسەی تەمەنی بەئازاری ئەو زامەوە تلاوەتەوە و، ئەو پارچە شیعرانەی پاش مەرگی عەنبەر خاتوونی وتوون لەسەر پاکی شیعری کوردیدا سەردەستەی شیعری لاواندەوە و شینن و لەسەرپاکی شیعری کوردیدا شایانی ئەوەن کەسێکی شایستە و لێهاتوویان بۆ هەڵکەوێ بەبەراورد لەگەڵ نموونە باڵا و بڵندەکانی شیعری لاواندنەوە لە ئەدەبی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵات و جیهانا لێیان بکۆڵێتەوە.

وا لێرەدا یەکێ لەو حەوت پارچە شیننامانە ئەنووسینەوە کە مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوونی وتوون:

**ئەدای پەشێویی حاڵاتە جەستەم**
**دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم**
**بەڵام (مەعدووم) هەرس دیدەش جۆش وەردەن**
**نا عیلاج خامش وە دەسگیر کەردەن**
**پەلەپەل پێکان پەل وە خامەدا**

یەک فـەرد ڕەقـەم کـەرد وە ڕووی نامـەدا:
ئیـــــــە دیدەی دڵ دێوانەکـــەی وێت
نە بێخ ئاودا مکێـــــڵـــــۆ پەرێت(٧٨)

ئەمەیش پارچەیەکی تریان:

گـــــەرد ئالوودەن دەور مـــــەزارە لەیلێ
ئاو پاشی و مـــاڵاش لازمـــەن خـــەیلێ
خـــادمــیی توربەت نازک ئەندامـــان
پەی دیدە و مـوژگـان مـەعـدوومی ئامـان
ئاو پاشـــیی، ڕەویەی دیدەی نم دیدەم
مـــاڵاش، وەزیفـــەی دیدەی نمیـــدەم
گـــەردێ نیێ وە ڕووی یانەی نۆشـــەدا
یا خـەوشی وە حـەوش عـەنبـەر بۆشـەدا
پاس نازکـــیی لەیل یاگـــەی وێشـــەن
جـای مـوشـاهەدەی قـەیس دڵ ڕێشـەن
بەڵ باڵای ئاڵاش وە ســـەد خـــەم و چەم
باز وینوون بێ خـــەم وەی چەم یا ئەو چەم
(مـــەعـــدووم) تاو یاو دووری زۆر ئاوەرد
تاویاو بینای قـــســـەی پەشـێـــو کـەرد
مـــاخـــۆلیـــای یاو ئینە خـدێشـــەن
وەرنە ئەی خـــەیاڵ پەرێشـــان چێشـــەن
فـــەسڵ وەسڵ بەزم خـــاســـەی نەدیان
خـــــاوێ بـی و یـەرد، دیـان، نـەدیـان
بـەتاڵـەن هـەوای دۆس کـــۆچ کـــەردە
مـەحـــاڵـەن ئامـــای عـــومـــر و یەردە
بنیش نە گـێـــجـــاو دەریای بێ پەی دا

**نەگۆشەی حوجرەی سەفینەی مەی دا**
**ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارە کەر ڕاس**
**با خودا وە ئیخلاس، ناخودا مەناس**
**تا باد مراد نە پێوارەوە**
**کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە**(٧٩)

کارەساتێکی کاریگەری تری دوا ساڵەکانی ژیانی مەولەوی کوێر بوونیەتی کە دوو ساڵ پێش مەرگی بووە. کوێربوون ئەگەر بەش بەحاڵی هەر مرۆیەک کارەساتێکی سەخت و گەورە بێ و لە نیعمەتی دیتن بێ بەشی بکا، بەش بەحاڵی زانا و ڕۆشنبیرێکی وەک مەولەوی کە لە خوێندنەوە و نووسین و هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی دابڕیوە کە بەچاوی ساغەوە ئەکرێن و، تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵی فەقێ و مرید و مەنسووبی تەریقەت و هاودەمانی ئەدەبی لێ دوور خستووەتەوە و باری گرانی هەژاریشی چەند قات لەسەر شان قورستر کردووە، دەردێکی گەلێ گرانتر بووە.

مەولەوی، ئەوەندەی لە دیوانەکەیا بۆ ئێمە مابێتەوە، ئەم کارەساتی کوێربوونەی لە تەنها دوو پارچە شیعریا بۆ نەوەکانی پاشەوە خستووەتە سەرکاغەز. لە یەکەمی ئەم دوو پارچە شیعرەدا کە وادیارە هەردووکیانی بۆ یەکێ لە زانا گەورەکانی سەردەم نووسیوە لەوانەی باش قەدری زانست و هونەری ئەویان زانیوە، زۆر بە خەستی دەری ئەخا لە بارێکی دەروونیی چەند ناڕەحەت و دژوارا ئەژی... ئەڵێ: ئەمویست لەپێشانا باسی ناڕەحەتی و زەلیلی و کلۆڵی خۆمت بۆ بکەم تا ئەیگەیەمە سەر کوێر بوونەکەم، بەڵام کۆستەکەم ئەوەندە قورس بوو هەر لە سەرەتاوە ناچاری کردم بێمە سەر باسی دواییەکەی و باسی کوێر بوونەکەمم کرد... ئەوجا کە هەرچی لە دڵیایە بەو باسی چڵەپۆپەی کارەساتەی بڕایەوە، کەمێ هێدی ئەبێتەوە و هۆشێکی دێتەوە بەبەراو چەردەیێ لەو ئەنجامانەمان بۆ ئەخاتە ڕوو کە بەهۆی کارەساتی کوێربوونەکەیەوە ڕوویان داوە. لە پارچەی

دووهەمیشیانا لە سەرەتادا هەر لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕواو، پاشان ئەڵێ: کوێر بوونی من ئاسانە. ئەوەی مایەی نارەحەتییە بۆم ئەوەیە دۆست برادەرانم نارەحەتن بۆم... جا، وەک هەر موسڵمانێکی ڕاستی بەقەزاوقەدەر ڕازی، جارێ ملکەچی خۆی بۆ خواستی خوداوەند ئەدا و بە سێ چوار بەیتی وا تۆزێ سەبووری بەدڵی بدەن، دوایی بەپارچە شیعرەکەی دێنێ. با گوێی بۆ شل کەین بزانین لە پارچەی یەکەمیان ئەڵێ چی؟

**بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت**
**دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت**
**ئەرابینش نیەن هەی ئاوات وازم**
**باز هەر تەسکینەن، گۆش وەئاوازم**
**وە دڵدا تەفسیل زەلیلی ویەرد**
**چێش جە ئەووەڵدا ئاخرش ئاوەرد**
**باز بێ تاقەتیم نە ڕووی پەردەوە**
**دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە**
**هۆرێزاو پێچ وەرد دووی کوورەی دەروون**
**ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون نە دیدەی گەردوون**
**ڕێزا جە سەردا بڵێسەم کەم بی**
**ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی:**
**باز چێش بۆ یاران دەروون پڕ داخەن**
**ئەغیاران دەماخ دڵ وە پەرداخەن**
**سەرد بییەن گەرمیی شەوق هام فەردان**
**گەرمەن سەردیی زەوق شەوق هام دەردان**
**ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ**
**چۆڵ بییەن چەمەن جە سۆزەی بولبول**
**نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن**

**ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن**
**حەڵقەی خەفیەی زیکرناڵەی هەزار ڕەنگ**
**چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ**
**مشیۆ جە گرد لا زاری و شیوەن بۆ**
**جە کام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وێنەی تۆ**
**کەی؟ ئیستە، پەی کێ؟ پەی دیدەی (مەعدووم)**
**چێش بییەن؟ بییەن جە دیدە مەحرووم**
**یانێ های ڕاسەن، یا قسەی ناسەن**
**دیارەن کردەی چەپگەرد هەر پاسەن**(٨٠)

کارەساتێکی ناخۆشی تریش لە ژیانی مەولەویدا سووتانی کتێبخانەکەیەتی کە لە ئەنجامی شەڕێکی نێوان خێڵی ئیمامی و تاوەگۆزیدا پڕیشکی ئاگری شەڕ کەپرەکەی مەولەوییشی گرتووەتەوە و ئاگر بەربووەتە کتێبخانەکەی.

ئاخۆ ئەم کتێبخانەیەی مەولەوی چیی تیا بووبێ و سووتابێ! گومانی تیا نییە نوسخەی هەموو دانراوە ئایینییەکانی و دیوانی شیعرەکانی تیا سووتاوە و بەهۆی ئەوەوە هەر پارچە شیعرێکی کە پێشتر خەڵک نەیاننووسیبێتەوە و مەولەوی خۆیشی لەبەری نەبووبێ، سووتاوە و فەوتاوە. ئەوەتا مەولەوی خۆی لەم بارەوە ئەڵێ:

**دەمەی هەناسەی گەرم نارەکەم**
**نە کوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم**
**ئایر دان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم**
**سۆچیان کتاو مەجمووعەی فەردم**(٨١)

لەمە بەولاوە هیچ نیشانەیەکی ئەوەمان بەدەستەوە نییە کتێبی دانراوی تری لەوانەی ناومان هێنان بەولاوەی بووبێ و لەو کارەساتەدا سووتابێ و لای کەسی تر نەبووبێ، ئەگینا لە یەکێ لە دانراوە ماوەکانیا ئیشارەتێکی

بۆ ئەکرا. بەڵام بێگومان نوسخە ئەسڵییەکانی خۆیی تیا بوون و سووتاون و لەو نوسخە ئەسڵییانەیا پەراوێزی زۆریش بووە کە بەشێکی زۆری لە نوسخەی مەلا و فەقێی ئەم لاو ئەولادا نەنووسراوەتەوە و لەو کارەساتەدا فەوتاوە، ئەگینا هەر هیچ نەبێ نوسخەیێ دووان لەو دانراوانەی، بەدەستخەتی خۆی، لەلایەکەوە سەریان هەڵئەدا. هەروا دیارە ئەبێ کتیبخانەکەیشی، بەنیشانەی ئەو ئاگادارییە زۆرەی لە زانستە ئیسلامییەکان کە لە دانراوەکانی و لە پەراوێزەکانیانەوە دەرئەکەوێ، کتێبی نایابی زۆری تیا بووبێ، سووتابن. بەهەرحاڵ ئەم کارەساتەیش یەکێ بووە لەو دەرد و مەینەتانەی لە دواساڵەکانی ژیانیا بەسەریا هاتوون. پارچە شیعرێکی پڕ ئیشارەتیشی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە کە پێشتر دوو بەیتیمان نووسییەوە.

سەربار و دوا چۆڕی ئەم نارەحەتییانەیش پشت شکانیەتی بەهۆی ئەوەوە کە بەکوێری سواری وڵاخیک بووە و لە شوێنێکەوە چووە بۆ شوێنێک و لە شوێنێکی ڕێگەکەدا لقە درەختێکی لاربووە پێویست بووە سوار ئاگای لە خۆی بێ تا خۆی لێ لابدا. لەگەڕانەوەدا کە ئەگەنە نزیکی شوێنی درەختە لارەکە مەولەوی کە سواری وڵاخ بووە و کابرایەک جڵەوی وڵاخەکەیی ڕاکێشاوە، بەکابرا ئەڵێ: ئاگات لێ بێ کە گەیشتینە لای لقە درەختە لارەکە ئاگادارم کە نەوەک خۆمی پیا بدەم و بکەومە خوارەوە. کابراش ئەڵێ: بەڵێ. بەڵام کە ئەگەنە لای لقە درەختەکە کابرا لەبیری نابێ ئاگاداری کاتەوە و مەولەوی لەپڕ خۆی ئەدا بەلقە درەختەکەدا و لە وڵاخەکەی بەرئەبێتەوە و پشتی ئەشکێ و هەڵی ئەگرن و ئەیبەنەوە بۆماڵەوە و لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا لە ساڵی ١٨٨٢ یا ١٨٨٣دا کۆچی دوایی ئەکا و تۆماری ژیانی ئەپێچرێتەوە.

# پەراوێزەکان

(١) تاوەگۆزی: ناوچەیەکی سەر سنووری کوردستانی عێراق و ئێرانە. بەشەکەی کوردستانی عێراقی سەر بەقەزای هەڵەبجەیە. خەڵکەکەیشی بەناوی ناوچەکەوە ناو ئەبرێن.

(٢) پیر خدری شاهۆ: خواناسێکی بەناوبانگی کوردە لە ساڵانی سەدەی ١٤ی لە دایکبوونا لە ناوچەی (خانەگا) و(پاوە) لە هەورامانی لهۆن ژیاوە. ئارامگای بەسەر چیای (شاهۆ)وەیە. شاهۆ زنجیرە چیایەکە ١٢ فرسەق لە ڕۆژئاوای سنەوە لە ناوچەی هەورامان.

(٣) هەورامان: ناوچەیەکی سەر سنووری کوردستانی عێراق و ئێرانە بەشی هەرە زۆری ئەکەوێتە کوردستانی ئێرانەوە و بەشێکی زۆر کەمیشی ئەکەوێتە کوردستانی عێراقەوە. خەڵکەکەی بەدیالێکتی هەورامی- گۆرانی ئەدوێن و شاعیری بەرجەستەی زۆری تیا هەڵکەوتووە.

(٤) لەبەرئەوەی کۆن، مێژوو لە وڵاتانی ئیسلاما بەساڵی کۆچی دەسنیشان کراوە و، کەمتریش مانگ و ڕۆژیشی لەگەڵا دەسنیشان کراوە، ئێستا کە بمانەوێ ساڵێکی کۆچی وەرگێڕینە سەر ساڵی لە دایکبوون، ئەبێ بەپێی جەدوەلی تایبەتی ئەم کارە بەراوردیان بکەین بە یەک و، کە بەروارادیان ئەکەین ئەبینین هەر ساڵێکی یەکێکیان بەرانبەری چەند مانگێ لە ساڵێک و چەند مانگێ لە ساڵێ پێشەوە یا پاشەوەی ئەویان ئەوەستێ و، لەبەرئەوە کە زۆرتر وایە ڕۆژ و مانگی ڕووداوەکە بەساڵی کۆچی نازانین ناتوانین بەرانبەرەکەی بە ڕۆژ و مانگی ساڵی لە دایکبوون بزانین. بۆیە ئێمەیش لەم کتێبولکەدا کە بمانەوێ ساڵی ڕووداوێ لە ڕووداوەکانی ژیانی مەولەوی دەسنیشان بکەین، لەبەر ئەوەی کە مێژووەکەمان هەر بەساڵی کۆچی زانیوە و ئاگامان لە ڕۆژ و مانگەکەی نییە، دوو ساڵە بەرانبەرە لە دایکبوونییەکەیان نووسیوە، واتە ئەو ڕووداوە لە یەکێ لەو دوو ساڵە لە دایکبوونییەدا ڕوویداوە. ئەگەر دەق بمانزانیایە لە چ ڕۆژێکی کام ساڵی کۆچیدا ڕوویداوە، ئەیشمانزانی بەرانبەری چ ڕۆژێکی چ مانگێکی چ ساڵێکی لە دایکبوونی ئەوەستێ.

(٥) حوجرە: قوتابخانەی قوتابییانی ئایینی بەتەنیشت مزگەوتەکانەوە لە کوردستانا و،

لەهەمان کاتا جێگای حەسانەوە و نان تیا خواردن و نووستنیشیان بووە.

(٦) فەقێ: ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکانی پاڵ مزگەوتەکانی شار و لادێکانی کوردستانا ئەو بابەتانەیان خوێندووە کە خوێندنیان لە وڵاتانی ئیسلاما باو بووە. ئەمانە، تێکڕا، لە سەرەتاییترین پلەیانەوە تا دواییترین پلەیان، پێیان وتراوە (فەقێ). وشەکەیش لە (فقیه)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە کە واتە (زانا).

(٧) ئاغادێ: ئەو گوندانەی موڵکی ئاغان و ماڵی ئاغا خۆیشی لەوێیە. لە زۆر لەم جۆرە گوندانەدا ئاغا خۆی ئەرکی دابین کردنی خۆراکی بۆ فەقێ لە ئەستۆ گرتووە. لە دێهاتی ترا فەقێ ئێواران نان و شێویان لە ماڵە جووتیارەکان کۆکردووەتەوە. ئەرکی جلوبەرگ و کتێب کڕین و خەرجیی بەرباخەڵیشیان لەسەر خۆیان و ماڵی باوک و کەسوکاریان بووە و تێکڕا بۆ پەیداکردنی ئەم خەرجییە بەهاران کەرەیان لەناو خێڵەکانا ڕاتبە کردووە و ڕەمەزانان مەلا ڕەمەزانییان کردووە و سەرفیترەیان لە دێهاتییەکان وەرگرتووە و زۆر جاران بۆ جەژنی قوربانیش چوونەتەوە هەمان دێ کە ڕەمەزان مەلای بوون و پێستەی قوربانی و هەندێ جەژنانەیان لێ وەرگرتوون.

(٨) ئەردەڵان: میرێتییەکی کورد بووە لە ساڵانی ١٢٢٠یا١٢٢١-١٨٦٧یا ١٨٦٨ حوکمڕانییەکی تا ڕادەیەکی دوور سەربەخۆی لە ناوچەی ناوەڕاستی کوردستانی ئێران و عێراقی ئێستادا کردووە و، سەرئەنجام لە چوارچێوەی نەخشەی نەهێشتنی میرێتییە دەرەبەگییەکانی کوردستانا کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران جێبەجێیان کرد، لەلایەن قاجارییەکانەوە لەناوبرا.

(٩) بابان: مێرێتییەکی کورد بووە لە ساڵانی ١٦٩٤یا ١٦٩٥-١٨٥٠ یا ١٨٥١دا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقی ئێستادا حوکمڕانییەکی لە کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆی کردووە و تەنانەت چەند جاریش بەغدای بۆ یارمەتیدانی والیانی تورک لە ناکۆکییەکانی ناوخۆیانا داگیرکردووە. ئەم میرێتییەیش هەروا لە چوارچێوەی ئەو نەخشەیەی عوسمانی و ئێرانا کە لە پەراوێزی پێشوودا باسمان کرد، لەلایەن تورکەکانەوە لەناوبرا.

(١٠) چونکە لە ناوەڕاستی خوێندنەکەیا و بەهۆی مردنی باوکیەوە و بۆ پەیداکردنی نان بۆ برا و خوشکە لە خۆی بچووکترە هەتیوکەوتووەکانی وازی لە خوێندن هێناوە و تا ئەوان وایان لێ نەهاتووە بتوانن خۆیان بژێنن نەگەڕاوەتەوە سەر خوێندنەکەی.

(١١) عیلمی کەلام: ئەو زانستەی ڕاستیی بنەماکانی ئایینی ئیسلامی لە ڕووی ئەقڵ و فەلسەفەوە پێ ئەچەسپێنرێ.

(١٢) ئیجازەی مەلایەتی: بەڵگەنامەی خوێندن تەواوکردن و توانی دەرز بەفەقێ وتنەوە. لەم بەڵگەنامەیەدا بەزنجیرە ناوی ئەو مامۆستایانە ئەهێنرێ کەوا پاشوویان ئیجازەی دەرز بەفەقێ وتنەوە و دانی ئەو ئیجازەیەی بەفەقێی خوێندن تەواوکردوو لەپێشوویان وەرگرتووە و هەر بەم جۆرە تا ئەگاتەوە سەر پێغەمبەر و لەویشەوە بەهۆی جوبرەئیلەوە ئەگاتەوە خوا.

(١٣) مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆتشەیی: یەکێکە لە زانا گەورەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەما. لە سلێمانی مامۆستا بووە و، لە ١٨٤٧ یا ١٨٤٨دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

(١٤) تەریقەتی نەقشبەندی: یەکێکە لە ڕێبازەکانی سۆفیەتی. بەهائەددین موحەممەدی فاروقیی خەڵکی بوخارا و بەناووبانگ بە(شاهی نەقشبەند) دایهێناوە کە لە ساڵی ١٣٨٩دا کۆچی دوایی کردووە. بنەمای ئەم ڕێبازە بیرکردنەوەیە لە خوا بە دڵ و ناوهێنانیەتی لەژێر لێوەوە. بەپەیڕەوانی ئەم تەریقەتە ئەڵێن (سۆفی).

(١٥) شێخ عوسمان سیراجەددینی تەوێڵە: یەکێکە لە ناودارترین خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی. لە دێی (تەوێڵە)ی هەورامان لە کوردستانی عێراق دانیشتووە و ڕێبازی سۆفیەتیی بەپێی تەریقەتی نەقشبەندی بڵاو کردووەتەوە. لە ١٧٨٠ یا ١٧٨١دا هاتووەتە دنیاوە و لە ١٨٦٧دا کۆچی دوایی کردووە.

(١٦) مەولانا خالیدی نەقشبەندی: بەناووبانگترینی ئەوانەیە ڕێبازی سۆفیەتییان بەپێی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانا بڵاو کردووەتەوە. پاش تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی لە کوردستانەوە چووەتە هیندستان و لەوێ تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی شێخ عوبەیدوڵڵای دیهلەویدا وەرگرتووە و هاتووەتەوە لە کوردستانا، بۆ جاری دووهەم یا سێهەم بڵاوی کردووەتەوە. (بەڵگەی وا بەدەستەوە هەیە کە تەریقەتی نەقشبەندی پێشتریش لای کەمی لە دوو ناوچەی کوردستانا باو بووە، بەڵام پاشان کوژابووەتەوە). لە ئەنجامی ناکۆکیی لەگەڵ شێخ مەعرووفی نۆدێ و هەندێ لە میرانی بابانا سلێمانی بەناچاری بەجێ هێشتووە و چووەتە بەغدا و لەوێشەوە پاش ماوەیەکی کەم چووەتە شام و لەوێ سەقامگیر بووە. لە نەوەی گەلێ لە خەلیفەکانی، پێشەوایانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پەیدا بوون. لە ١٧٧٨یا

١٧٧٩دا هاتووەتە دنیاوە و، لە ١٨٢٧دا لە شام کۆچی دوایی کردووە.

(١٧) شـێـخ بەهائەددین: لە ١٨٣٦دا لەدایک بووە و لە ١٨٨١دا کـۆچی دوایی کـردووە. لەپاش مـردنی باوکی جـێگەی ئەوی گـرتووەتەوە و بووە بە ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانا.

(١٨) تەریقەتی قادری: ڕێبازێکی سۆفیەتییە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (لە ١٦٦٦دا کۆچی دوایی کـردووە) دایناوە. بە پەیڕەوەکانی ئەم تەریقەتە ئەڵێن (دەروێش) و زیکری خوا بەئاشکرا ئەڵێن و پرچ ئەهێڵنەوە.

(١٩) کـاکـە حـمـەدی شـێخ: یەکێکە لە گـەورەترین ڕێبەرانی تەریقـەتی قـادری لە کوردستانا. (لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەرزی بەفەقێ گوتووەتەوە و ڕێگای خواپەرستی بە موسڵمانان پیشان داوە. لە ١٨٨٧یا ١٨٨٨دا کۆچی دوایی کردووە.

(٢٠) شێخ مارفی نۆدێ: زانایەکی گەورە بووە. لە قەڵاچولان مامۆستا بووە و لەگەڵ دروستکردنی سلێمانیدا گواستوویەتیەوە بۆ ئەوێ. بەتوندی بەرهەڵستی تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالیدی کردووە و لە دژی نووسیوە. کۆمەڵێ کتێبی بە شیعر و بە پەخشان لە زانستە ئیسلامییەکانا نووسیوە زۆرتریان لە چاپ دراون. لە ١٧٥٢یا١٧٥٣دا لە دایک بووە و لە ١٨٣٨یا١٨٣٩دا کۆچی دوایی کردووە.

(٢١) شـێخ عـەبدوڕڕەحـمـانی تاڵەبانی: کـوڕەزای مـەلا مـەحـموودی زەنگنەیە کـە بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانیی داناوە. یەکێکە لە پیرانی تەریقەتی قادری. پیاوێکی زانا و شاعیرێکی بەرزیش بووە. دیوانێکی شیعری بە فارسی و عەرەبی و تورکی هەیە هێشتا بەتەواوی لە چاپ نەدراوە. لە ١٧٩٧یا١٧٩٨دا لە دایک بووە و لە ١٨٥٨یا ١٨٥٩دا کۆچی دوایی کردووە.

(٢٢) بۆ زانینی پتر لەم بارەوە، بڕوانەرە: مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕڕیس، یادی مەردان، بەرگی دووهەم، چاپی چاپخانەی کـۆڕی زانیاری عـێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٣٨٠-٤٨٦.

(٢٣) موعتەزیلە: یەکێکن لە تاقمە فەلسەفییەکانی ئیسلام. لە دوادوایی چەرخی ئەمەوییەکانا پەیدابوون و تا دوایی هاتنی چەرخی زێڕینی عەبباسییەکان لە برەوا بوون. باوەڕیان وابووە مرۆ خۆی خالقی کرداری خۆیەتی و بایەخیان زۆر

بەئەقڵ ئەدا و هەر تێکستێکی ئایینی پێچەوانەی ئەقڵ بوایە وایان واتا لێ ئەدایەوە لەگەڵی بگونجێ. تا دەوڵەتیش نەبووبوو بەپشتیوانیان، زۆر داکۆکییان لە ئازادیی بیر ئەکرد، بەڵام لەوکاتەوە کەوتنە ئازاردانی تاقمە نەیارەکانیان و بەوە کوتەکێکی مزریان سرەواندە ڕاستگۆییی خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکا. مەولەوی لە کتێبەکانیا زۆر دژی ئەم تاقمەیە.

(٢٤) جەبرییە: ئەمانیش یەکێکی ترن لە تاقمە فەلسەفییەکانی ئیسلام. ئەمان، بەپێچەوانەی موعتەزیلەکانەوە، دان بەهیچ ئازادییەکی ئادەمیزاد نانێن لەو کارانەدا ئەیانکا و وەک پووشێکی تەماشا ئەکەن بەدەم باوە.

(٢٥) موحییددین سەبریی نعێمیی کانیمشکانی: ڕۆشنبیرێکی کوردی خەڵکی دەوروبەری سنە (سنندج)ی کوردستانی ئێرانە. خوێندنی مەلایەتیی خوێندووە و لە ساڵەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا چووەتە میسر و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پاشان دیسانەوە چووەتەوە بۆ میسر لەوێ سەقامگیر بووە و دەستی کردووە بە لە چاپدانی هەندێ لەو کتێبانەی لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستانا ئەخوێنران کە دوانیان (عەقیدەی مەرزییە) و (فەوائیح)ی مەولەوی بوون، بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەی جگە لە دوو کتێبەکەی مەولەوی لە (مطبعة کردستان العلمیة)دا لە چاپداوە کە (فەرەجوڵڵا زەکی کوردی) خاوەنی بووە، وەک (مجموعة الرسائل) کە بریتییە لە ٢٣ کتێبی جۆربەجۆری هەندێ لە زانایانی گەورەی ئیسلام لە ٦٣٦ لاپەڕەدا و، (میزان العمل)ی غەزالی و گەلێکی تر. لام وایە هەر ئەم چاپخانەیە پاشان ناوەکەی، لەبەر هەر هۆیەک بووە، گۆڕاوە و بووە بە (مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر) و گەلێ کتێبی مەلایانی گەورەی کوردی تیا لە چاپدراوە کە دوو کتێبە ناوبراوەکەی مەولەوییش لە ڕیزی ئەوانەدان.

(٢٦) ئەم چاپەی تارانم نەدیوە و نازانم لە چ ساڵێکا لە چاپ دراوەتەوە.

(٢٧) هەروەک چاپی یەکەمی، ئەمجارەیش لەگەڵ (عەقیدەی مەرزییە)کەدا لە چاپ دراوەتەوە.

(٢٨) بڕوانەرە: گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردیی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە بەغدا بڵاوی ئەکاتەوە، ژمارە ١٣٠ی ساڵی ١٩٩٣، ل ٥٣-٦٠.

(٢٩) مەبەستمان لە (شیعری سۆز) ئەوەیە لە عەرەبیدا پێی ئەوترێ (الشعر العاطفي)، بەڵام عاتیفەکە لای ئێمە گەلێ بەربڵاوترە و سۆز بۆ یار و بۆ نەتەوە و نیشتمان و بۆ خوا و بۆ پیری ڕابەر و بۆ دەربڕینی دەردەدڵ و بۆ لاواندنەوەی کۆچکردووان و، بەکورتی هەر مەبەستێ ئەگرێتەوە کە سۆزی لە شیعرەکەدا بۆ دەربڕرابێ، تەنها بەمەرجێ شیعرەکە لە ڕووی تەکنیکەوە شێوەی تایبەتیی بابەتەکەی وەرنەگرتبێ بەجۆرێ کە سۆزی لێ داماڵرێ.

(٣٠) ئەتوانرێ بوترێ مەولەوی (عەقیدەی مەرزییە)کەی بەم دیالێکتە تایبەتیەی ناوچەی تاوەگۆزی داناوە.

(٣١) مەبەستم لەوەیە لە تورکیای پێش و پاش جەنگی یەکەمی جیهانا گەلێ گۆڤاری تێکەڵی کوردی و تورکی کوردان دەرچوون، ئێمە هەموو ئەو گۆڤارانە و گشت ژمارەکانیانمان نەدیون تا لەوە دڵنیا بین کە ئاخۆ هیچ شیعری مەولەوییان تیا بڵاوکراوەتەوە یا نە؟

(٣٢) بڕوانەرە: تێگەیشتنی ڕاستی، ژمارە ٢٠، ساڵی یەکەم، ١١ی ئازاری ١٩١٨، ٢٨ی جومادەلئوولای ١٣٣٦. بۆ زانینی پتر لەبارەی ئەم ڕۆژنامەوە بڕوانەرە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨.

(٣٣) ئەبێ خاوەنی ئەو وتارەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، لە بارەی ئاخاوتن بەدیالێکتی گۆرانی و شێوەکانیەوە تەنها عەشرەتی زەنگنە و خەڵکی دەوروبەریانی ناسیبێ، ئەگینا ئەیوت (گۆرانی)و هەر نەبێ (هەورامی)، هەرچەند ئەو دیالێکتەی مەولەوی لە شیعرە سۆزییەکانیا بەکاری هێناوە بەتەواوی ناچێتەوە سەر ئەگۆرانیی ئەسڵی و ئەشێوە دیالێکتی هەورامی و ئەزەنگنە.

(٣٤) چونکە دیالێکتی پێ ئاخاوتنی عەشیرەتی زەنگنەیش لقێکە لە دیالێکتی گۆرانی و لەگەڵ دیالێکتی شیعرەکانی مەولەوی لە یەک ڕیشە و بنەچەن.

(٣٥) ئەمین فەیزی بەگ: زانا و ئەدیب و ئەفسەرێکی لێهاتووی کورد و خەڵکی سلێمانی بووە. وەک لە لێکۆڵینەوەیەکی کاکەی فەللاحەوە دەرئەکەوێ لە ١٨٦٠دا لە سلێمانی لە دایک بووە و لە ١٩٢٣دا لە ئەستەمووڵ مردووە. کۆمەڵێ دانراوی بە تورکی هەیە. بە کوردییش (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)ی

نووسیوه کە لە چاپخانەی (تەرجومانی حەقیقەت) لە ئەستەموڵ لە ١٣٣٩ی ڕۆمییا لە چاپی داوە. شیعری بە کوردی و تورکی و فارسی هەیە. بۆ زانینی زیاتر لە بارەیەوە بڕوانەرە: ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٤١و، هەردوو چاپی دووهەم و سێهەمی (ئەنجوومەنی ئەدیبان) (سەیری پەراوێزی دادێ، بکە).

(٣٦) ئەم کتێبە جگە لە چاپی یەکەمی کە دیارە بەچاودێریی ئەمین فەیزی بەگ خۆی تەواو بووە، تا ئێستا دوو جاری تریش لە چاپ دراوەتەوە: جارێکیان لەلایەن کاکەی فەللاحەوەو، جارەکەی تریشیان لەلایەن لیژنەی وێژە و کەلەپوورەوە لە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە بەغدا. هەردوو چاپەکە یەکی سەرەتایەک و، چاپەکەی کۆڕ کۆمەڵێ پەراوێزێشی لەگەڵە.

(٣٧) پیرەمێرد: حاجی تۆفیق، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و خاوەنی ڕۆژنامەگەلی(ژیان) و (ژیانەوە) و کۆمەڵێ بەرهەمی جۆربەجۆری ئەدەبی. دەورێکی دیاری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی و بنیاتنانی ئەدەبی نوێی کورد لە ناوچەی سلێمانی و تێکڕای کوردستانی عێراق و ژیانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بووە. لە ١٨٦٧دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە و لە ١٩٥٠دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانینی پتر لە بارەی خۆی و شیعرییەوە، بڕوانەرە موحەممەد ڕەسووڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، بەغدا، چاپخانەی (ئەلعانی)، ١٩٧٠.

(٣٨) سلێمانی، چاپخانەی ژیان، بەرگی یەکەم ١٩٣٥، بەرگی دووهەم ١٩٤٠.

(٣٩) یارمەتیی من لە ئامادەکردنی دیوانی مەولەویدا بە شەرحەکەی باوکمەوە بۆ چاپ، بریتی بووە لە نووسینەوەی دیوانەکە و لێکدانەوەکانی باوکم و دارشتنەوەی زمانە ئەدەبییەکەی و سەرپەرشتی کردنی لە چاپدانی.

(٤٠) دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بەغدا، چاپخانەی (ئەننەجاح)، ١٩٦١ .

(٤١) ئەم چاپەم نەدیوە تا بتوانم دەسنیشانی کەم لە چ ساڵێکدا لە چاپ دراوەتەوە، بەڵام ئەزانم کەوا لەلایەن کتێبخانەی (سەیدیان)ەوە لە مەهاباد لە چاپ دراوەتەوە.

(٤٢) دیوانی مەولەوی، ساغکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، (تاران)، چاپخانەی حەیدەری، ١٣٦٩ (١٩٩٠). ئەم چاپە لەبەرئەوەی لە ڕووی

دەسنووسێکی سەردەمی مەولەوی خۆیا لە چاپ دراوە، دیارە ئەبێ هەموو شیعرەکانی مەولەویی نەگرتبێتە خۆی.

(٤٣) دیوانی مەولەوی، لەلایەن موحەمەد ئەمینی ئەردەلانییەوە بە شیعر گۆڕاوەتە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو، بەرگی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی (مونیر)، ١٩٩١.

(٤٤) بەم بۆنەیەوە، بلاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بەهەل ئەزانم ڕووی دەم بکەمە هەر برادەرێ دەسنووسێکی هەموو یا بەشێ یا تەنانەت پارچەیێ شیعری مەولەوی لابێ، ئەو دەسنووسە یا هەر نەبێ فۆتۆیەکیمان بەناوونیشانی باوکم لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا بۆ بنێرێ ڕوونووسی بکەین، پاشان بەوپەڕی سوپاسگوزارییەوە بۆی ئەگێڕینەوە.

(٤٥) بڕوانەرە: ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەستەمووڵ، ڕەبیعولئەووەلی ١٣٣٩ ی ڕۆمی، چاپخانەی (تەرجومانی حەقیقەت).

(٤٦) پیرەمێرد کۆمەڵێ وتاری بەنرخی لەبارەی مەولەوییەوە لە ڕۆژنامەکانی خۆی و لە هەندێ لە گۆڤارە کوردییەکانا بلاو کردووەتەوە، بەداخەوە ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەم لە بەردەستا نین تا بتوانم ئەو وتارانەی لێرەدا دەسنیشان بکەم.

(٤٧) بڕوانەرە: حسێن حوزنی موکریانی، مەلا عەبدوڕڕەحیم، مەولەوی، مەعدووم، گۆڤاری (ڕووناکی)، هەولێر، ژمارە ٧، ساڵی یەکەم، ل ٦-٨، شەممە، ٢٨ی ئازاری ١٩٣٦.

(٤٨) بڕوانەرە: گۆران، لەبەرهەمەکانی دوێنێمان، مەولەوی و شیعری موناسەبات، ڕۆژنامەی (هەولێر)، ژمارە ٧ و ٦ و ١٠ی ساڵی یەکەم کانوونی دووەمی ١٩٥١. ئەم وتارە جارێکی تریش لەلایەن ئەحمەد غەفوورەوە لە ژمارە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ی گۆڤاری (بەیان) بلاوکراوەتەوە کە دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی لە بەغدا بلاوی ئەکاتەوە.

(٤٩) بڕوانەرە: عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢، چاپخانەی مەعاریف، چاپی یەکەم، ل ٢٤٧-٢٧٦؛ بەغدا، ١٩٧١، چاپخانەی مەعاریف، چاپی دووەم، ل ٢٧٦-٣٠٦.

(٥٠) بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، دیوانی مەولەوی، بەغدا ١٩٦١، چاپخانەی (ئەننەجاح)؛ هەروەها بڕوانەرە: یادی مەردان، بەرگی دووهەم،

بەغدا، ١٩٨٣، ل ٣٦٢-٤٨٧.

(٥١) بڕوانەرە: عەلیی شێخ عومەری قەرەداغی، مەولەوی و سروشت، بەغدا، ١٩٧٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

(٥٢) سەیید تاهیری هاشمی گەلێ بابەتی دەسنووسی لەبارەی مەولەوییەوە هەیە کە وەختی خۆی ڕوونووسی بابەتێکیانی ناردووە بۆ باوکم و، ئێستا لای ئێمە هەڵگیراوە. سەرەڕای ئەوە چەند وتاریشی لەم بارەوە لە هەندێ گۆڤاری کوردستانی ئێرانا بلاو کردووەتەوە، لە بەردەستما نەبوون تا ناو و ژمارەیان لێرەدا بنووسم. بەداخەوە هەل و مەرجی ژیانی دەرفەتی ئەوەی نەدا، ئەم بابەتانەی لە چوارچێوەی کتێبێکا لە چاپ بدا. هیوامان وایە پاشماوەکانی ئەم ئەرکە ئەدەبییە نەتەوەییە پشتگوێ نەخەن.

(٥٣) موحەممەد سدیقی موفتی زادە لە ماوەی چوار ساڵا کۆمەڵێ وتاری لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئێرانا لە بارەی مەولەوییەوە بلاو کردووەتەوە. سەرەڕای ئەوە کە بیستوومە لێکدانەوەیەکی لەسەر (٢٥٠) پارچە شیعری مەولەوییشی نووسیوە و بە مەولەوی زانێکی لێهاتوویش ناسراو بووە.

هیوادارین پاشماوەکانی ئەو شەرحەی و وتارەکانی لەبارەی مەولەوییەوە بلاو بکەنەوە.

(٥٤) بڕوانەرە: د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مەولەوی و بەرهەمی و شتێک دەربارەی سروشت لە چوارچێوەی کتێبی «میهرەجانی مەولەوی»دا، بەغدا، ١٩٨٩، چاپخانەی (ئەززەمان).

(٥٥) بڕوانەرە: محمدی مەلا کەریم، گەشتێک بە ژیان و شیعری مەولەویدا (لە چوارچێوەی کتێبی «میهرەجانی مەولەوی»)دا، بەغدا، ١٩٨٩، چاپخانەی (ئەززەمان).

(٥٦) بەرهەمی هەندێ لەمانە لە کتێبی «میهرەجانی مەولەوی»دا بلاوکراوەتەوە کە لەم نامیلکەدا کەمێکی لێ دواوین. زۆریشی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و تەنانەت عەرەبییەکانیشمانا بلاو کراوەتەوە کە بەداخەوە دەسم نەیان ئەگەیشتێ تا بەسەریان بکەمەوەو ئیشارەتیان بۆ بکەم. لە ڕاستیشا کاری وا پێویستی بەبوونی بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتی بلاو کراوەکانی ناو هەر کام لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیە.

(٥٧) میهرەجانی مەولەوی، کتێبی ژمارە (١)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩، چاپخانەی (ئەززەمان).

(٥٨) مجموعه ء مقالات واشعار کنگره ء بزرگداشت مولوی کرد، سقز، شهریور١٣٧١، تدوین هیئت علمی برگذاری کنگره ء مولوی، شهرکرد، شرکت تعاونی چاپ افست، ١٣٧٥.

(٥٩) ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) (بەدیالێکتی گۆرانی) ستۆکهۆڵم ١٩٩٠.

(٦٠) مەبەستم لە چاپەکەی سدیقی سەفی زادەی بۆرەکەییە، بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی ژمارە (٤٢) و ئەو شوێنەی ئەم کتێبوولکەیە ئەو پەراوێزەی لەسەر نووسراوە.

(٦١) ئەمانە کۆمەڵە مەقامێکی کۆنی دڵگیری کوردین لە ناوچەکانی گل و داودە و سەنگاو و تا دیوی قەرەداغ لە شارستانی کەرکووک و سلێمانی ئەوترێن و، بەداخەوە، تا ئێستا، من پێ بزانم، کارێکی زانستی ئەوتۆ بۆ نووسینەوەی نۆتەکانیان و فێرکردنیان لە قوتابخانە مۆسیقاییەکانمانا نەکراوە و، ئەگەر کار هەر بەم جۆرە بڕوا مەترسیی فەوتان و هەر هیچ نەبێ شێوانیان لێ ئەکرێ، بەتایبەتی کە ناوچەکانی وتنی ئەم مەقامانە لەم ساڵانەی دواییدا مەینەتی زۆریان بەسەرهاتووەو دەیان لە لێزانەکانیان لە ناوچوون.

(٦٢) ئەم دوانەیش دوو ئاوازی کۆنی ناوچەی هەورامانن کە هەریەکە چەند جۆری جیاوازیان هەیەو، حاڵی ئەمانیش زۆر لە حاڵی چوارەکەی پێشوو باشتر نییە.

(٦٣) واتە:

جوانە ڕازانەوەی وەرزی بەهاران
شیرینە ئارایشتی هەردەو کۆساران
گوڵ، وەک ڕووی ئازیز، ناسکیی لەبەرکردووە
بەفراو، وەک سێلاوی دیدەی من، هاتووەتە جۆش
گوڵان، لە داوێنی دەربەندەکانا،
وەک دۆستە ئارەزووی یەکتر کردووەکان، ئەڕواننە یەک

ئای کە سەوزەگیای سەر ئارامگای دۆستان
ئێواران چەند خاس ئەشنێن
سەیری موچورکەی دڵی پاکی ئەو ئارامگەنشینانە کە
لە شنەی سەوزەی سەر خاکی ئارامگەکانیانەوە دیارە
نشینگەی لەمە چاکتر نییە
کەواتە، کاکەی مەیگێڕ، پیاڵەیەکی خومارشکێنمان بدەرێ
(با لە خەوی غەفڵەت بەخەبەر بێین-و)
هەستە، بەیانییە، دڵ تازەخەوە
شنەی داوێنی چیا و کێوە، کەناری شەتاوانە
ئێمە سەوزایی سەر گۆڕی هاوڕێیانمان
زۆر کرد بەڕایەخ بۆ بەزمی خۆمان و لەسەری دانیشتین
ئاخۆم سەوزایی سەر گۆڕی ئێمەیش بکەوێتە کام هەردوو،
بەر ڕایەخی کۆڕی کام هاوڕێ بێ!
بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، دیوانی مەولەوی، ل ٤٣١-٤٣٢.

(٦٤) واتە:

یارانی سەرمەستم! هەرچی لەم جیهانەدا هەیە، پێچەوانەی ئەوەیە
تەبیعەتی من بە گوێرەی خودێتیی خۆی ئەیەوێ.
بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢.

(٦٥) واتە:

هەرچیت دی بەچاو، ڕۆیی بۆ سەفەر
هەرچی ئەبینی، وا لەسەر گوزەر
کەس حاڵی نەبوو، هیچ کەس نەیفامی
ئەو بۆچی ڕۆیی و، ئەم بۆ هاتەدەر!
(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٢-٥٣٣).

(٦٦) واتە:

باڵەخانەی چاوی ئەو کەسەی شێتی عەشقی تۆیە،
کە سەربانەکەی بە خۆڵی بەردەرگاکەی تۆ سواغ دراوە،
دڵۆپە، وێنەی تۆی تیا بێزار کردووە
ئازیز! جارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ (بیکوتەرەوە با دڵۆپە نەکا)
(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل۵۳۹).

(٦٧) چرۆپڕیی ئەو تابلۆیەی مەولەوی لە چوارچێوەی ئەم چوارینەدای گونجاندووە، سەر و سەدایەکی گەورەی لەناو کۆڕی ئەدەبدۆستانی سەردەمی خۆیا بەرپا کردووەو هەمووان بەئافەرین.. ئافەرین بۆ کردنەوە لێی دواون، تەنانەت مەشهوورە فەرهاد میرزای حوکمڕانی قاجاریی سنە کە زۆر بەقەدر و حورمەتەوە ڕوانیویەتە مەولەوی و شیعرەکانی بەرز هەڵسەنگاندووە، لە پاش بیستنی ئەم چوارینە بە دواوە هەر بە (ئاغای باڵەخانەی چەم) بانگی لێ کردووە.

(٦٨) واتە:

کەس بە فەرهاد(ی دڵداری شیرین) نەڵێ زیرەک بووە
چونکە نەخشی شیرینی (یاری) لەسەر تاشە بەرد هەڵکەندووە
دەک دەستەکانی دارزێن بەر لەوەی گیانی دەرچێ
کێ چاوی خۆی داوەتە بەر نووکی ئەڵماس!
(بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل۵۳۱).

(٦٩) بڕوانەرە: ئەمین فەیزی، سەرچاوەی پێشوو، ل۸.

(٧٠) مەلای جزیری: شاعیرێکی سۆفیی باڵادەستی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی سەروو. لە سەدەی حەڤدەهەما ژیاوە. دیوانێکی هەیە چەند جار لە چاپ دراوە، جارێکیان لەلایەن مەلا ئەحمەدی زڤنگییەوە لەگەڵ لێکدانەوەیەکی چڕوپڕ بە عەرەبی لە ۱۹٥۸دا لە قامیشلی لە سووریادا، جارێکیش لەگەڵ لێکدانەوەیەکا بە کوردی لەلایەن هەژاری شەرەفکەندییەوە لە ۱۹۸۲دا لە تاران. لە نێوان ئەو دوو چاپەیشا چاپێکی ساڵی ۱۹۷۷ی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەیە سادق بەهائەددین ئامێدی بە بەراوردکردنی چاپەکەی زڤنگی و چەند دەسنووس ئامادەی کردووە.

(٧١) شێخ نووریی شێخ ساڵح: شاعیرو یەکەمین پێشەنگی تازەکردنەوەی شیعری

کـوردی لە کـوردسـتـانی عـێـراق. لە ١٨٩٦دا لە سلێـمـانی لەدایک بووەو لە ١٩٥٨دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیعری لەگەڵ پێشەکییەکی چڕوپڕی لەبەرگـێـکی تایبـەتیـدا، لەلایەن ئازاد عـەبدولواحیـدەوە لە ١٩٨٥ لە بەغدا لەچاپ دراوە.

(٧٢) گۆران: عـەبدوڵلا بەگی سولەیمان بەگی کاتب فـارسی، درێژە پێدەر و تەواوکەری بزووتنەوەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و شاعیری خەباتگێڕی ڕێگای ئاشتی و ئازادی. لە ١٩٠٤دا لە هەڵەبجە لە دایک بووە و، لە ١٩٦٢دا لە سلێـمـانی کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیـعری لەلایەن بنووسی ئەم نامیلکەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا لەسەر ئەرکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا لە چاپ دراوە.

(٧٣) واتە:

لێم مەگرن، دەردم گرانە(یاران)
ئەگەر قافیەی شیعرم شێوابێ
هاوار لە شۆرەی زەویی بەختی من
هەر سەوزەی هیوای من نادیارە
داد لە هەوای شووم تاڵەی بەدی من
هەر نوێ گوڵاڵەی من لە پێوارە
هۆ زڕەی دەفی شادەروێش، جۆشێ
بەو سەدای ئاشنا بە ڕەو[١] ڕیشەی دڵ
خرۆشێ، جۆشی سازی بەزمگێڕ
لێڵ[٢] ئەم دوو بەیتە واتا خەمگینە
بەڵ[٣] ئارەزووی دڵ شێن ببێ تۆوی
دەخیلتم، ئەی چاو، بەشەو، شەونمێ
بەڵکو ڕوو دەرخا ئەو ناسکە گوڵە
ئەی دەم هەناسێ[٤]، دەمەو بەیانێ

(بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩-٧٠).

(١) ڕەو: ڕەگ و. (٢) لێـڵ: لەگـــەڵ. (٣) بەڵ: بەڵـکو. (٤) هەنـاسێ: هەناسەیێ.

(٧٤) بڕوانەرە: ئەنوەر قادر محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨ .

(٧٥) ئەنوەر قـادر مـحـەمـەد لای وایە لەوانەیە ئەو شـیـعـرانەی مـەولەوی کـە باسی (قولەی قەزاڵە)ی تیا کردوون باس لەو دڵدارییە ناکامەی بکەن، چونکە قولەی ناوبراو ئەکەوێتە پشت (خانەگا)وە. بڕوانەرە: ئەنوەر قادر محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٧٦) شیعرەکان ئەمانەن:

وزان سوی وطن هجرت نمودم
خلافت از علی رافسته بوم
به تأثیر محمد میر اکمل
خلافت چون به عثمان شد محول
دل خویشان مارا پر ز خون کرد
به خویشاوند خود نعمت فرون کرد

واتە:

لەولای نیشتمانەوە کۆچم کرد
خەلیفەییم بەهیی عەلی ئەزانی
کە بەتەئسیری میری تەواو میر موحەممەد
خەلیفەیی سپێررا بە عوسمان
دڵی خوێشەکانی ئێمەی پڕ کرد لە خوێن و
خەڵات و بەراتی بۆ خزمەکانی خۆی فرەکرد

مـەبەس لە (مـوحـەممەد) حـەمـە پاشـای جـاف و، لە (عـەلی) شـێخ عـەلی عەبایەبلێیی و، لە (عوسمان) عوسمانی خاڵەیە کە حەمە پاشا لە جێی شێخ عەلی کردبووی بەسەرکارو بۆ مەولەوی و خوێشانی چاک نەبوە (بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سەرچاوەی پێشوو، ل/م).

مەولەوی لەم شیعرە فرەناسکانەیا ئیشارەتی بۆ مەسەلەی خەلیفەیی عوسمانی کوڕی عەففان و نەدانی خەلیفەیی بە عەلیی کوڕی ئەبوو تالیبیش کردووە و، بەڕوونی ئەوەی دەرخستووە کە لای وایە خەلیفەیی، هەر هیچ نەبێ پاش

کوژرانی عومەری کوڕی خەتتاب، بەحەقی عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب زانیوە و، ئیشارەتی بۆ ئەوەیش کردووە کە لە سەردەمی عوسماندا خێڵی بەنی ئومەییە بوون بە خاوەنی هەموو شتێک و، هاشمییەکان دڵ بریندار کران.

ئەگەر ئەم سێ بەیتەی مەولەوی بۆ حەمە پاشای جاف نامەیشی لەگەڵ بووبێ، ئەبێ زۆر شتی باشتر تیا ڕوون کردبێتەوە.

(٧٧) لەم بارەوە بڕوانەرە: پیرەمێرد، دوانزە سوارەی مەریوان، سلێمانی، چاپخانەی ژیان، ١٩٣٥.

(٧٨) واتە:

باسی پەشێویی ئەحواڵی لەشم
لەوەوە دوورە بە قەڵەمە شکاوەکەم بنووسرێتەوە
بەڵام (مەعدووم) فرمێسکی چاوی هاتووەتە کوڵ
ناچار خامەی کردووە بە دەسگیری خۆی
بە پەلەپەل دەسی بە خامەوە گیرکرد و
تاقە بەیتێکی لەسەر ڕووی قاقەز نووسی:
ئێستا چاوی دڵی ئەوەی شێت بووە بۆت
لە بنی دەریای فرمێسکا بۆت ئەگەڕێ

(بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥-٥٦)

(٧٩) واتە:

دەورو بەری زیارەتگای لەیل تۆزاوییە
زۆر پێویستە ئاوڕشێن بکرێ و گسک بدرێ
خزمەت کردنی خاکی سەر گۆڕی ناسک ئەندامان
شایانی چاو و برژانگی (مەعدوومی)یە
ئاوڕشێنی ڕەوشتی چاوە شێدارەکانمە و،
ماڵینیشی ئەرکی برژانگە تەڕەکانمە
با تۆزێ نەیەت بەڕووی ماڵی نوێیا
با پووش و پەڵاشێ نەکەوێ لە بەرماڵی عەنبەر بۆیا

ڕاگرتنی ناسکیی لەیل لە جێی خۆیایەتی
چونکە دیدگای قەیسی دڵ بریندارە
بەڵکو باڵای ڕازاوەی، بەسەد سەر بۆ نەوی کردن و، چەمینەوە
بێ خەم و خەفەت، بەچاوی سەر یا بەچاوی دڵ، ببینمەوە
(مەعدووم)! تاوی (تا)ی دووری زۆری هێنا
توایەوە و کەوتە قسە بزرکاندن
ماخۆلانی تا ئەمە خوویەتی
ئەگینا ئەم خەیاڵە پرژ و بڵاوانە چین
وەرزی گەیشتن بەبەزمی ئاهەنگی یارانی تایبەتی
خەوێ بوو، بەسەرچوو، دیمان، نەدیمان
ئارەزووکردنی دۆستی کۆچ کردوو پووچ و بەتاڵە
گەڕانەوەی عومری بەسەرچوو، مەحاڵە
بۆیە، لە گێژاوی دەریای بێ بنی (قەدەرا)
لە سووچێکی ژووری کەشتیی سەرخۆشیدا، داکەوە
ڕووت، تەنها بۆ تیشکی ئەستێرە هەڵبڕە
لەگەڵ خوا بێ گەرد بەو، کەشتییەوان مەناسە
چاوەڕوان بە کەی بای ئاوات
لە نادیارەوە هەڵ ئەکا و ئەتخاتە لاوە
(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٣-٣٦٥).

(٨٠) واتە:

بینایی دیدەم، تۆ خۆش بی!
دیتنی دیداری تۆ کەوتە ئەو دنیا
ئەی بە ئاوات خوازراوەکەم، ئەگەر بینینم نەمابێ،
هێشتا هەر شتێ هەیە دڵمی پێ داسوکنێ:
ئەتوانم گوێم لە دەنگتەوە بێ

خەیاڵی بەدرێژی باس کردنی زەلیلیی خۆمم لە دڵابوو،
کەچی هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکە بڕایەوە
بەڵام هێشتایش بێ تاقەتیم، لەو دیوی پەردەوە،
ڕێگای تێپەڕبوونی چەند بەیتێکی بۆ کردمەوە
دووکەڵی کوورەی دەروونم هەستا و لوولی خوارد
لەسەرەوە ڕژایە خوارەوە، بلێسەم هێور بووەوە
هۆی نووسینی ئەم چەند بەیتەم لا کۆبووەوە:
هۆی چی بێ یاران دەروون پڕ داخە
دەماخی دڵی بێگانەکانیش قۆز و پەرداخە
گەرمیی سۆزی هاوڕێیان سارد بووەتەوە
بەڵام ساردیی زەوقی کوڕی هاودەردان گەرمە
گەڵای سەوزی گوڵی زانست وەریوەتە ناو خۆڵ
چیمەن چۆڵ بووە لە سۆزی بولبول
بە گۆشەی چاو لاکردنەوەی یاران کەم بووەتەوە
رووی دەشتی خۆشی ئەهلی دڵ تەم دایگرتووە
ئەڵقەی بەنهێنی ناوی خوا هێنان و ناڵەی هەزار ڕەنگ
وەک ئەڵقەی دەرگای وێرانە ماڵان دڵ تەنگە
ئەشێ لە هەموو لایێ زاری و شین بێ
لە کام لا؟ لای دۆس. کام دۆس؟ دۆسی وەک تۆ
کەی؟ ئێستە. بۆ کێ؟ بۆ دیدەی مەعدووم
چی ڕووی داوە؟ بێ بەش بووە لە بینایی
واتە: ها ڕاستە، یا قسەو باسی خەڵکە
دیارە کرداری گەردوونی چەپگەرد هەر وایە
(بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥-٦٨).
(٨١) واتە:

تینی هەناسەی گەرمی، ئاگرم

لە تەنووری کوورەی دەروونە پڕ لە زووخاوەکەمەوە

ئاگری بەرداوەتەوە حوجرەی دڵەی پڕ دەردم

کتێبی کۆمەڵەی شیعری سووتاندووم

(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤).

(٨٢) بابا مەردۆخی ڕۆحانی ئەڵێ: مەولەوی هەمـوو ساڵێ گەرمیـان و کوێستـانی کردووە و، ئەو ڕووداوەی لە یەکێ لەو سەفەرانەیا لێ ڕوداوە.

بڕوانەرە: بابا مردوخ روحانی (شیوا)، تأریخ مشاهیر کرد، جلد اول، تهران ١٣٦٤، چاپخانەء پنگوئن.

له دەزگای ئاراسەوە

# رێنووسی یەکگرتووی کوردی

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین، ئەوانەی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی دەزگای ئاراس-ەوە بلاو دەکەنەوە، پێڕەوی لەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە ڕێنووسی پەسندکراوی کۆڕی زانیاریی کوردستانە:

**یەکەم:** گیروگرفتی پیتی (و).
نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:
١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)
بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**
٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û)
بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**
٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)
بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار.**
٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)
بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

**دووەم:** گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.
هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.
بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

**سێیەم:** گیروگرفتی پیتی (ی):
نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:
١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).
بۆ نموونە: **زەوی** - Zewî
٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)
بۆ نموونە: **یار** - yar

- **سەرنج ١:** پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من - Min ، کن - Kin ، ژن - jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.
- **سەرنج ٢:** نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.
وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی **(ئاواییەکەمان...) (کۆتاییەکەی...) (وەستاییەکی...) (کۆتایی بە کارەکە هێنا)** دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

**چوارەم:** گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم:** گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم:** وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز.میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان ئەو ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر - جوانترین.**

**خاو: خاوتر - خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات - یان - شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١ - ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢ - ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لەدڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لەدڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).
ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).
(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).
• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.
وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بە جیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگ‌ـتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)
١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر پێیانەوە دەلکێن بە مەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**
**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**
**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەڕین.**
**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**
**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**
**دا: دانێ. دامەبڕە.**
**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**
**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**
**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**
**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**
**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێن.**
**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**
**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.
ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:
**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**
بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو

وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە.

وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

***

# چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس

(١) هەڵكەوتی دیریكی لە كوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موكریانی.

(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.

(٣) ژنی كورد بەستەم دەورە دراوە. دانانی: د. كوردستان موكریانی.

(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.

(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موريس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(١٠) ئەدەبی رووسی و كێشەی پاستیرناك. دانانی: د. مارف خەزنەدار.

(١١) لە پێناوی راستی و كورد و خانیدا. دانانی: محەمەدی مەلا كەریم.

(١٢) كۆچی سوور. رۆمانی: حەمە كەریم عارف.

(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.

(١٤) لە كوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوكەت شێخ یەزدین.

(١٥) فەرهەنگی كوردستان. دانانی: گیوی موكریانی.

(١٦) خاك و كێشەی مان رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.

(١٧) امارة بهدينان الكردية. أليف: صديق الدملوجي . تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.

(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.

(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.

(٢٠) ئەخشەی رۆنانی رێژەی كار لە زمانی كوردیدا. ئەندازیار د. شێركۆ بابان.

(٢١) زریزەی زێرین. دانانی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی.

(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.

(٢٣) خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاكۆم. وەرگێڕانی: شوكور مستەفا.

(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ كوردی باشوور: شوكور مستەفا.

(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: ماليسانژ. ترجمة: شكور مصطفى.

(٢٦) كۆمەڵناسیی گەلی كورد. دانانی: مارتن ڤان برووینسن. وەرگێڕانی: شوكور مستەفا.

(٢٧) هەڵبژاردنەكانی كوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.

(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.

(٢٩) هەڵەبجە ـ كارەساتی كیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.

(٣٠) گاڵتە بەچەك. رۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.

(٣١) لە مۆركە تايبەتييەكانى ڕێزمانى كوردى. دانانى: د. شێركۆ بابان.
(٣٢) بەرەو ڕێزمانى كوردى، بەرەو زمانى نووسين. دانانى: د. شێركۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەى ئەڵماس خانى كەڵهوڕ. ئامادەكردنى: شوكور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سينتاكسى رستەى كوردى. د. كوردستان موكريانى.
(٣٦) فەرهەنگى شارەزوور. كوردى- ئينگليزى. دانانى: د. شەفيق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودى بايەزيدى يەكەمين چيرۆكنووس و پەخشاننووسى كورد. دانانى: د. فەرهاد پيرباڵ.
(٣٩) گێتى زيندەوەر. دانانى: عەلائەدين سەجادى.
(٤٠) مێژووى پەخشانى كوردى. دانانى: عەلائەدين سەجادى.
(٤١) ديوانى شێخ ڕەزاى تاڵەبانى. ئامادەكردنى: شوكور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) ڕۆمانى ڕێگا. دانانى: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ كوردستان. ديوان: هەژار موكريانى.
(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروپولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي . ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانكردنەوەى كوردستان لە ساڵێكدا - چالاكييەكانى كابينەى چوارەمى حكوومەتى هەرێمى كوردستان لە ساڵى ٢٠٠٠دا و پلانەكانى بۆ داهاتوو.
(٥٣) كۆڤارى ڕووناكى. ئامادەكردن و پێشەكى: د. كوردستان موكريانى.
(٥٤) مێژووى ئەدەبى كوردى. بەرگى يەكەم. دانانى: د. مارف خەزنەدار.
(٥٥) شازادە چكۆلە. ڕۆمانى مێرمنداڵان. نووسينى: سەنت ئێگزوپێرى. وەرگێڕانى: ئاسۆ عەبدوڵلا حەسەن زادە.
(٥٦) حەمكێ توڤى. دانانى: د. مەسعود كتانى.
(٥٧) حەيران. دانانى: غەفوور مەخموورى
(٥٨) گەشتێك بە كۆمارى مەهاباددا. بيرەوەرى: ڕەئيس بەكر عەبدولكەريم حەوێزى.
(٥٩) نظام الأناضول الشرقية.الجزء الثاني. تاليف: اسماعيل بيشيكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٦٠) فەرهاد و شيرين.شانۆنامە: نازم حيكمەت. و. لە توركييەوە: ئەحمەد تاقانە
(٦٢) گەڕيان ل بابێ بەرزە. ڕۆمان: ئەنوەر محەمەد تاهير.

(٦٣) بەرصیصێ عابید. فەقێ تەیران. بلاوکردنەوەی: عەبدولڕەقیب یوسف.
(٦٤) احداث عاصرتها. ذکریات محسن دزه یي.
(٦٥) پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٦) کۆمەڵە مشکێک. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٧) رجال و وقائع. جرجیس فتح الله.
(٦٨) الابستاه - کتاب ڤندیداد الزرادشتیة. نقله من الفرنسیة:الدکتور دواد الچلبي. تقدیم جرجیس فتح الله.
(٦٩) بەشێک لە دیوانی مەجزووب: کۆکردنەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح.
(٧٠) گەلاوێژی کوردستان (کەلیلە و دیمنە بەکوردی). وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حاجی مەلا کەریمی زەنگەنە. پێشەکی: د.محەمەد نووری عارف.
(٧١) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٧ ، دانانی: د. فەرهاد پیرباڵ.
(٧٢) درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا. دانانی: حەمە کەریم هەورامی.
(٧٣) شێخ رەزای تاڵەبانی. ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری. دانانی: د. مکرم تاڵەبانی.
(٧٤) مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باطینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. دانانی: ئەحمەدی مەلا.
(٧٥) مەولەوی: ژیان و بەرهەمی. محەمەدی مەلا کەریم

16ی

2001

نازک: تەدارەک فەسڵ وەهاران
شیرین: ئارایش هەردەو کۆساران
گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان
مدیان گوڵاڵان نە پای دەربەندان
ئەو یەکتەر وتنەی ئارەزوومەندان
چ خاس خاس شنیۆ نە ئێواراندا
سەوزە وە ڕووی خاک جەرگەی یاراندا!

Aras Press and Publishers
Kurdistan - Erbil
2001